Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.20713

# کوردستانی عێراق لە سیاسەتی گشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران

**هەردی مهدی میکە ، ئەژی ئازاد ئەبوبەکر**

زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، زانکۆی سلێمانی

***Article Info***

Received: January, 2020

Revised:February,2020

Accepted: March ,2020

***Keywords***

ئێران، کورد، سیاسەتی گشتی، دیدگای ئاسایشی، بەرژەوەندیگەرایی

***Corresponding Author***

hardi.mika@univsul.edu.iq

**پوختە**

سیاسەتی گشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەربە کورد بەردەوام دوو ئاراستەی ئاسایشی و بەرژوەندیگەرایی وەرگرتووە و بەپێی پێشهات و دۆخە جیاوازەکان، یەکێکانی گرتووەبەر. پێگەی کوردستانی عێراق لەم سیاسەتەدا هیچ کاتێك نەگەیشتووتە ئاستی پەیوەندییەکی ستراتیژیی دوورمەودا، بەڵکو تەنیا وەك کارتێکی فشار بەرامبەر بە نەیارەکانی لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی ئێران بەکارهاتووە، یان وەك مەترسییەك لەسەر ئاسایشی ناوخۆی ئێران کە پێویستە سەرکووت بکرێت، کاری لەسەر کراوە. لەم توێژینەوەدا بە سوودوەرگرتن لە میتۆدی مێژووی-شیکاری، سەرەتا چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران باسکراوە و دواتر جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە بەرامبەر بە کورد لە ڕێگەی هێنانەوەی نمونە مێژووییە هاوچەرخەکان، ڕوونکراوەتەوە و هەوڵدراوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزرێتەوە کە بنەماکانی سیاسەتی گشتی و پەیوەندییەکانی ئێران بەرامبەر بە کورد چین؟ ئاستەنگی پەیوەندییەکان و دەرئەنجامەکانی لەسەرکورد چی بوون؟

## پێشەکی

لە دوای جێگیربوونی کۆماری ئیسلامی ئێران، کوردستانی عێراق بەردەوام لە خاڵە گرنگەکانی نێو سیاسەتی گشتی دەوڵەتی ئێرانە بووە، کە هەم کارتێکەر بووە و هەم کارتێکراو و لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، ڕۆڵی قوڵایی ستراتیژیی هەمەلایەنەی بۆ تاران بینیوە. ئەمەش وایکردووە کە ئێران بە پلان و ئامانج بێت یان قبوڵکردنی واقیع، "دراوسێیەکی ناچاری"ی هەرێمی کوردستانە. بۆیە لە سیاسەترێژی کورتمەودا و درێژمەودای ئەو وڵاتەدا مامەڵەی تایبەت و هەستیاری لەگەڵدا کراوە. کوردستانی عێراق تەنها لەڕووی بازرگانی و بوونی خۆیەوە ئەم گرنگییەی بۆ سیاسەتی ئێران دروستنەکردووە، بەڵکو چەندین گۆڕاوی دیکەی هەرێمایەتی و کوردستانی لە پارچەکانیتری کوردستان و سیاسەتی نێودەوڵەتی و وڵاتە زلهێزەکانیش بە سیاسەتی گۆشەگیرکردنی ئێران ڕۆڵیان هەبووە لە زیاتر بایەخدارکردنی جیۆپۆلەتیک(Geo-politics) و جیۆئیکۆنۆمیکی(Geo-economics) هەرێمی کوردستان.

ئەم تایبەتمەندییەی کوردستانی عێراق لەگەڵ سروشتی پەیوەندییەکانی کوردی ئەم ناوچەیە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر، گروپە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری

ئیسلامی ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل و هەروەها خواستەکانی بۆ جیابوونەوە لە عێراق و داوای سەربەخۆیی، لە دیدی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هەندێکجار وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی و هەندێکجار بەپێچەوانەوە وەك دەرفەتێك بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی کۆمار ئیسلمی ئێران ڕاڤەی بۆکراوە. هەر ئەمەش هۆکاری سیاسەتە جیاوازەکانی دەرەوەی ئەم وڵاتە بێت، کە یان کوردی وەك کارتێکی فشار دژ بە ڕکابەر مێژووەکەی خۆی(دەوڵەتی عێراق پێش 2003) بەکاربهێنێت، یان وەك هەڕەشەیەك لەسەر یەکپارچەیی هاوپەیمانی هەرێمی خۆی(دەوڵەتی عێراق لە دوای 2003) ببینێت.

**پرسیارەکانی توێژینەوەیە**

کوردستانی عێراق لە سیاسەتیی گشتی ئێراندا چۆن مامەڵەی لەگەڵدا کراوە؟ بنەماکانی سیاسەتی گشتی و پەیوەندییەکانی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان چۆن بووە و لە ئیستادا چین؟ کاردانەوە و لێکەوتەکانی دیدگای ئەمنی-سەربازیی و دیدگای سیاسی-ئابووریی کارکردنی پێکەوەیی و سیاسەتی هاوبەش هەرێم و ئێران چی بوون؟

**سنووری توێژینەوە**

پێگەی کوردستانی عێراق لە سیاسەتی گشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوای شۆڕشی 1979 تاوەکو ڕووداوی 16-ی ئۆکتۆبەری 2017، بە ئاوڕدانەوەیەك بۆ ئەزموون و یادەوەریی کورد لەگەڵ حکومەتی پەهلەویی دووەم. هەروەها بۆ تێگەیشتن لە دیدگای کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کورد، جگە لە گۆڕاوەکانیتر(متغیر)، گۆڕاوی دۆسێی کوردەکانی ئێران وەك کارتێکەر و کارلێکەراو لە پەیوەندییەکانی هەردوولا وەرگیراوە.

**ئامانجی توێژینەوە**

شیکردنەوەی دیدگا و بنەماکانی سیاسەتی گشتی ئێران(بەدیاریکراوی کۆماری ئیسلامیی ئێران) لە وێستگە سەرەکییەکانی مێژووی هاوچەرخدا بەرامبەر هەرێمی کوردستان، هاوکات لێکدانەوەی کاردانەوە و لێکەوتەکانی هەریەک لە دیدگای ئاسایشی و دیدگای ئابووری-سیاسیی تاران بەرامبەر هەولێر و شیکاری هەل و هەڕەشەکانی نێوان تاران و هەولێر دەکات.

**میتۆدی توێژینەوە**

مێژوویی-شیکارییە، هاوکات لە بەشێکی توێژینەوەکەشدا سود لە میتۆدی بەراوردکاریی-مێژوویی وەرگیراوە بۆ هەڵسەنگاندنی لێکەوتەکانی مامەڵەی حکومەتەکانی تاران بەرامبەر کوردستانی عێراق لە قۆناغە جیاوازەکاندا.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە ڕامان و سودوەرگرتن لە مێژووی پەیوەندییەکان و سیاسەتی گشتی وڵاتی ئێران لە بەرامبەر کوردستانی عێراق و سروشتی دەسەڵاتی ناوەندگەرا، بە سودوەرگرتن لە ئەدەبیاتی سروشتی دەسەڵاتە ئەمنییەکان و کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی گشتی و هەرێمایەتی، شیکاری هەڵکشان و داکشانی پەیوەندییەکانی کوردستانی عێراق و ئێران بکرێت و هەل و هەڕەشەکان ئەم نێوانە بخرێتەڕوو.

**1.1.1 چوارچێوەی تیۆری سیاسەتی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران**

بە گشتی چەند بنەمایەک کاریگەرییان لەسەر ئاراستەی سیاسەتی دەرەکی هەر دەوڵەتێک جێهێشتووە و دەهێڵێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە چییەتی و شوناسی ڕژێمەکەوە هەیە، ئەوانیش بریتیین لە: بنەما باوەڕییەکان، هەلومەرجە جیۆپۆلەتیکییەکان، کولتووری گشتی و سیاسیی، پەیکەربەندی و جۆری سیستمی سیاسی، پێویستی و نیازەکانی ئەو ڕژێمە لەلایەک و کۆمەڵگە لە لایەکیتر، جۆر و چییەتی سیستمی نێودەوڵەتی، جوگرافیای دانیشتووان و پێکهاتە ڕەگەزیی و تەمەنیی و ئامادەگییەکانی، دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەگەڵ دراوسێکانی(ازغندی، ١٣٩٢: ٢٣).

لە بارەی سیاسەتی گشتی و چییەتی دەوڵەتی ئێرانەوە، کۆڕا و تەباییەکی وا بۆ پێناسەکردنی بنەما تیۆری و کردەییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران نابینرێت، بەتایبەت لە سیاسەتی دەرەکی ئەو دەوڵەتدا. هۆکاری ئەم ئاڵۆزییەش بۆ جۆری پێناسەکردنی تیۆرییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و تیۆری سیاسەتی دەرەکی لەلایەک، چییەتی و شوناسی کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەکی ترەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە هەندێ جێدا تەبایە بە قوتابخانەیەکی تیۆریی و لە هەندێ جێگەشدا لێی دەردەچێت و ڕەوتی کردەیی سیاسەتەکانی ئاڵۆگۆڕی بەسەردا دێت. بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئێران لە دەرەوەی ئەو چوارچێوانەدایە، بەڵکو ناتوانرێت بە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

تەنیا پشت بە مۆدێل و تیۆرییەکی ڕاڤەکردن ببەسترێت بۆ شیکاری بنەماکانی سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵکو زۆرجار بە زیاتر لە قوتابخانە و تیۆرییەک ڕاڤەی پێدەکرێت، چونکە لە هەندێ جێگەدا کورتهێنانی ڕاڤە و هەندێ سنورداریی بۆ هەڵسوکەوتی دەرەکی ئەو دەوڵەتە دێتە پێش(فیروزآبادی، ١٣٩٥: ١٣).

بۆ نمونە یەکێک لەو سنورداریی و لەمپەرە تیۆرییانەی کە بەرامبەر ئێران جۆرێک ناتەبایی تێدایە، زەمینەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانن کە زیاتر جەخت لە پاراستنی سیستمی نێودەوڵەتی و سیستمی باوی مێژوویی-کولتووریی دەکەنەوە، بەڵام بۆ وڵاتێکی وەک ئێران کە باوەڕی بە هەناردەکردنی شۆڕش و قوڵایی ستراتیژیی مەزهەبیی-ئیسلامی(ئیسلامگەرایی) و شوناسیی-ئێرانی دەرەوەی سنوری ئێران هەیە، ئەم دیدگایە ناتەبا دێتەوە. هەروەک چۆن لە دەستوری ئەو وڵاتەدا و لە مادەکانی 5، 11، 12، 152 و 154-دا ئاماژەی جیاکاری جۆری سیستمی سیاسی نێودەوڵەتی باوون و باوەڕی سیاسەتی ئێران بە ئیسلامگەرایی، شۆڕشگەرایی و مەزهەبگەرایی سنوربڕ و دەرەوەی سنوری ئێران دووپاتدەکاتەوە. لە تەوەری دەیەمی دەستوری بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران تایبەت بە "سیاسەتی دەرەوە" و لە مادەی ١٥٢، سەبارەت بە کرۆکی سیاسەتی دەرەوەی ئێران هاتووە: "سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی هەرجۆرە دەسەڵاتسەپێنی و دەسەڵات بەسەرا سەپاندن، پاراستنی سەربەخۆیی هەمەلایەنە و یەکپارچەیی خاکی وڵات، بەرگریکردن لە مافی هەموو موسڵمانان، پابەندنەبوون بەرامبەر هێزە خۆسەپێنەکان و پەیوەندی ئاشتیخوازنە لەگەڵ وڵاتانی شەڕنەخواز، ڕاوەستاوە"(مجموعه قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، ١٣٩٥: ١٢٨) و لە مادەی 154-دا هاتووە کە سەرەڕای خۆپاراستن لە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی گەلانیتر، بەڵام "پشتیوانی لە خەباتی مافخوازیی چەوساوەکان بەرامبەر بە ستەمکاران لە هەر شوێنێکی جیهان دەکات"(هەمان سەرچاوە، 129).

لەمەدا سیاسەتی دەرەوەی ئێران تەنیا بۆ پاراستنی نێوخۆ و سنور و سەروەری ئێران کار ناکات، بەڵکو دوو سنووری کولتووری-مەزهەبی و کولتووری-مێژوویی فراوانتری بۆ خۆی سازاندووە(رسول، ٢٠١٠: ٦٨)، وەک لە لوبنان، عێراق و یەمەن بۆ سنووری یەکەم و "وڵاتانی نەورۆزی"[1] وەک هەرێمی کوردستان بۆ سنووری دووەم. ئەم دوو دید و ستراتیژە هەم هەلن بۆ ئێران و هەم سەرچاوەی دوالیزمەیی و ناکۆکی بەرهەمهێنن لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەدا. بۆ نمونە لە عێراقدا، لەگەڵ باکووری ئەم وڵاتەدا هەوڵیداوە بە شوناسی کولتووری-مێژوویی بجوڵێتەوە و لەگەڵ باشوری عێراقدا بە شوناسی کولتووریی-مەزهەبی مامەڵەکانی ڕێک بخات.

بە خوێندنەوەیەک بۆ ئەم مادە دەستوریانەی پەیوەندیدارن بە سیاسەتی دەرەوە، کە وردەکاری زیاتری لەسەر نەدراوە و هەروەها بابەتی "هەناردەکردنی شۆڕش" لە هەناویدا جێکراوەتەوە، جۆرێک لە ناڕوونی و دژبەیەکی پێوەدیارە؛ لە کاتێکدا باس لە خۆبەدوورگرتن لە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتان دەکرێت، بەڵام لە بەرامبەردا کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو مافە بە خۆی دەدات کە بەرگری لە هەر وڵاتێک بکات کە بە پێناسەی ئەو، دەچێتە خانەی وڵاتە چەوساوەکان(مستضعفین) لە بەرامبەر وڵاتانی ستەمکار(استکبار). ئەم ناڕوونییە بۆ دوو ئاراستەی جیاوازی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای شۆڕشی 1979 دەگەڕێتەوە؛ ئاراستەی یەکەم، کاری بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و جێگیربوونی سنورەکانی ئێران دەکرد، ئاراستەی دووەم، هەوڵیداوە لە ڕێگەی یەکگرتنی شیعەکانی جیهان، ئامانجی بەئیسلامیکردنی جیهان و زیندووکردنەوەی ئیسلامی شیعە بەدیبهێنێت(توال، ١٣٧٦: ٤٦). هەر ئەمەش وایکردووە کە سەبارەت بە ئاراستەی ئایدۆلۆژیایی ئێران، دوو بۆچوونی جیاواز بێتەکایەوە؛ گروپێک پێیانوایە ئەم سیاسەتەی ئێران لە بانگەشەیەک زیاتر نییە و مەبەستی پاراستنی پێگەی خۆیەتی لە ناوچەکەدا، لە کاتێکدا بەشێکیتر بە پێچەوانەوە، پێیانوایە ئامانجی پاوانخوازیی و داپۆشینی خەونی ئیمپراتۆریای شیعەیە لە ناوچەکەدا(هەمان سەرچاوە).

بۆیە تێبینی دەکرێت ئەگەر ئێران تاوەکو پێش شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراق(1980-1988)، لەسەر بەشێک لە بنەماکانی شۆڕش موکڕ بووبێت، بەڵام دەرهاویشتەکانی

شەڕی هەشت ساڵە و تێچوون و زیانەکانی، وای لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد کە هاوشان لەگەڵ پرچەککردنی خۆی و پەرەپێدانی توانای سەربازی، ستراتیژی پێشگیرانەی وەک سیاسەتی بەرگری لەخۆی بەکار بهێنێت. بەردەوامبوون لە سەر ناوەرۆکی شۆڕشگێڕانەی ڕژێم و بێمتمانەیی بەرامبەر بە دۆخی هەرێمی و نێودەوڵەتی، وای لە ئێران کرد کە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و خۆپێگەیاندنی سەربازی، ببێتە بنەمای سیاسەتی ئاسایشی دەرەوەی ئێران.(ولی‌پور زرومی، ١٣٨٣: ٥٢١) ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی ئێران بیر لە سیاسەتێکی نوێ بە ئامانجی دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکاتەوە، کە دواتر بە "جیۆپۆلەتیکی شیعە"[2] ناسرا.

لە نێو تیۆرییەکانی سیاسەتی دەرەوەدا، وەک تیۆریاکانی ئامانجگەرایی، واقیعگەرایی، واقیعگەرا نوێیەکان و تیۆریای گوتار(دسکۆرس)دا، ناتوانرێت یەک لەوانە بۆ سیاسەتی دەرەکی ئێران دابتاشرێت، چونکە هەریەکێک لەوانە بەشێکی هەڵسوکەوتی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی شوێن، پێگە و ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی ئێرانی ئێستا، ڕاڤە دەکەن. بۆ نمونە، ئێران لە بنەمای بانگەشەکانی دادگەرایی، ئەخلاقگەرایی، ئینسانگەرایی و ئاشتیخوازی کە لقەکانی قوتابخانەی ئامانجگەراییین، لەگەڵ ئەم قوتابخانەیەدا یەکدێتەوە چونکە دەیەوێت جیهانێکی وێنابۆکراو دروست بکات. بۆ تێگەیشتن لەم ناکۆکییە و ئەو ڕەخنەیەی لێی دەگیرێت هێندە بەسە کە بڕوانرێتە هەردوو مادەی ١٥٢ و ١٥٤-ی دەستوری کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە لە ژێر ناونیشانی چەمکەکانی "مافی خەباتی هەقمیحوەری چەوساوەکان"، شۆڕش دەنێرێتە دەرەوە و لە بەندێکیتریشدا جەخت لەسەر "پەیوەندی ئاشتیخوازانە"ی نێوان دەوڵەتان دەکاتەوە(مجموعه قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، ١٣٩٥: 128-129)، بەڵام لە پەلکێشییەکانی دەرەوەی سنوردا ناکۆکە لەگەڵ ئەم ڕەوتەدا و نزیک دەبێتەوە لەگەڵ واقیعگەراکاندا، بەتایبەت لەوەدا کە جووڵانەوە نارازییەکانی ناوچەکە(عێراق و سوریا) لەناو دەبات و سەرکوتیان دەکات. لەم هاوکێشەیەدا باوەڕی بە مۆدێلی دەوڵەت و سەروەری هەیە و بە هۆی بەرژەوەندییە ئایدۆلۆژی و سیاسییەکانی، دەوڵەتانی ناوچەکە بە یاریکەری سەرەکی دەزانێت نەک جووڵانەوە ناوخۆییەکانی ئەم ناوچەیە. لەلایەکیترەوە لە وڵاتانی وەک لوبنان، یەمەن و فەڵەستین، بەپێچەوانەوە لە ژێر دروشمی ئەخلاقی "داکۆکی لە چەوساوان"، لایەنگیری ئۆپۆزسیۆنە و بە هەرکام لەم سیاسەتە جیاوازانەی، ڕاڤەی تایبەتی بۆ وڵامدانەوەی گومان و پرسیارەکانی ناوخۆی وڵاتەکەی هەیە(بڕوانە: Porseman, 1394).

لەکاتێکدا مۆدێلی گوتاری واقیعگەریی "دەوڵەت و سنورەکانی بە پارێزراویی وەک ئەوەی هەیە دەهێڵێتەوە"(فیروزآبادی، ١٣٩٥: ٢٩)، بە هەمانشێوە لە پرسی کورد-دا، کۆماری ئیسلامی جەخت لەسەر قوتابخانەی واقیعگەرایی و سیستمی باوی دەوڵەتەکانی ناوچەکە و سنورە کێشراوەکانی دەکاتەوە و وڵات بە کیانێکی لەتنەکراو و یەکپارچە دەبینێت ئیتر هەر دەوڵەتێک بێت و هەر ستەمێکی تێدا پیادەبکرێت. لە هەر ساتێکدا کە پرسی کورد چوونەپێشەوەی بەخۆوە دیبێت، ئامادەبووە لەگەڵ بەغدا، شام و ئەنکەرەدا تەبا ببێتەوە و ڕێگای سەرکوتکاری بگرێتەبەر، لەبری بنەمای ئەخلاقگەرایی یان ئامانجگەرایی بانگەشەبۆکراوی. ئەگەرچی لەپاش دروستبوونی کیانی هەرێمی کوردستانیش وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی، دیسانەوە ئێران پێکەوەژیانی ناچاری لەگەڵ هەرێمدا قبوڵ کرد و لەم قۆناغەدا پشتی کردە ڕەوتی باو و سەروەری عیراق وەک دەوڵەت نەکردە پێوەر.

لەلایەکیترەوە هەندێکجار سیاسەتی ئێران دەتوانێت لە ناو قوتابخانەی تیۆرەی جیۆپۆلەتیکیش جێبێتەوە، ئەم وڵاتە بە تایبەت لە ئاستەکانی جوگرافیا، مێژوو و کولتووری مێژینەی ئێراندا سودێکی کاریگەری بینیووە و توانیویەتی وەبەرهێنان بکات. لە بنەما کولتورییەکای لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا و وەک کارتی نەرمەهێز سودی گونجاو و پێویستی لێیان وەرگرتووە، ئەمەش هەم لە سیاسەتی چەسپاندنی "هیلالی شیعی"[3] و هەم لە فراوانکردنی هەژموونی کولتووریی ئێرانی لە ژێر ناوی وڵاتانی نەورۆزیدا جێبەجێکردووە. خەزێنەی مێژوویی و کولتووریی ئێران بۆ وڵاتانی غەیرەشیعە لە چوارچێوەی زمان، ئەدەب، هونەر و بۆنەمێژووییەکان بەکاردەهێنرێت، بەڵام بۆ وڵاتانی شیعەنشین، توانا مەزهەبییەکانی لە چوارچێوەی کولتووری شیعە، مەرجەعییەت و مۆدێلی

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

سیاسەتکردن، ئایدۆلۆژیای شیعەی ئیسلامی و پاڵپشتی لۆجستیکی ئێران بۆ بزوتنەوە شیعی و غەیرە شیعەکان، کاریگەری خۆی هەبووە(سعیدی و مقدم فر، 1393: 112-122).

بەمشێوەیە هەرێمی کوردستان چ لە جوگرافیا و شوناسدا و چ لە جیۆپۆلەتیکدا خاڵێکی گرنگی تێڕوانینی سیاسەتی دەرەکی ئێران دەبێت و هەمیشە وەک ستراتیژ و کارتی تەواوکار و فشار، لە سیاسەتی هەرێمایەتی جێکەوتەی هەبووە و لەم دواییانەشدا لە سیاسەتی نێودەڵەتیش، بەتایبەت لە پاش هاتنەناوەوەی زیاتری ئەمریکا لە ٢٠٠٣ بۆ عێراق و توونددتربوونی سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر ئێران، هەولێر گرنگی زیاتر و لە هەمانکاتدا هەل و هەڕەشەی نوێی بۆ ئێران سازاندووە.

هەندێک جاریش فرەچەشنی مۆدێلەکانی سیاسەتی دەرەکی ئێران جۆرێک لە نائارامی و پەرگیریی لە سیاسەتی دەرەکیدا بۆ ئێران هێناوەتەپێش، ڕەخنەگرانی سیاسەتی دەرەکی ئەم وڵاتە، لەو باوەڕەدان ستراتیژی سیاسیی ئێران هەمیشە لە نێوان هەردوو مۆدێلی ناسەربەخۆیی(وابەستەیی) و سەربەخۆییدا ناجێگیر ماوەتەوە و یارییەکی پەرگیرانەی کردووە. لەو باوەڕەدان کە ئێران هەرکات دەسەڵاتی گەشەیکردووە لە بری گەشەدان بە پەیوەندی بەرامبەرکێی هاوبەشانە، ڕێگەی نەیاریی پێڕەوکردووە، هەرکاتێکیش لاواز بووە ڕێگەی پێچەوانەی گرتۆتەبەر و لە هەوڵدا نەبووە پەیوەندییەکی هاوتا و بەرامبەر و هاوبەرژەوەندی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا بەرێ بکات(خداوردی، ١٣٨٨: ١٨٢).

دیارە ئەم مۆدێلە بەرزونزمییەی بەرامبەر هەرێمی کوردستان زیاتر لە جارێک پێڕەو کردووە، ئەگەرچی هەرێمی کوردستان، دەوڵەت نییە و لە چوارچێوەی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکاندا یاری کردووە، بەڵام ئێران لە پەیوەندییەکانیدا زیاتر بەدوای هەژموون و شوناسسازی لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستانێکدا بووە کە خۆی ئاراستەکەری سەرەکی بێت تێیدا. ئەمەش نەک تەنیا لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەدیکراوە، بەڵکو لە نمونە مێژووییەکانی سیاسەتی ئێرانی دەورانی هەردوو حکومەتەکانی پەهلەوی یەکەم(1921-1941) و پەهلەوی دووەمدا(1941-1979) چەندینجار دووبارە بوونەتەوە.

### 1.1.2بنەما گشتییەکانی سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر هەرێم

یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەکیی ئێران و ڕوانینەکانی بۆ دەوروبەر و دراوسێکانی، شوناسی ئێران و بنەماکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە دەرهاویشتەی شۆڕشی بە "ئیسلامیکراوی" گەلانی ئێرانە. لە چوارچێوەی ئەو دوو دیدەوە، توانا کردەیی و تیۆرییەکانی بەرامبەر لایەنە پەیوەندیدارەکانی بە سیاسەتی دەرەکی خۆیەوە ئاراستە دەکات. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە کە باسکرا، ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان هەوڵیداوە، لە دوو دیدگاوە هەژموونی بەسەرهەرێمی کوردستاندا باڵادەست بکات:

١. لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتووی مەیلان بۆ تاران و سازاو لەگەڵ بنەماکانی مەزهەبیی و شۆڕشییەکانی کۆماری ئیسلامیدا و هەوڵدان بۆ باڵادەستی شیعەکان بە هەر نرخێك بێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی نەرمەهێزەوە تا توندەهێز.

٢. هەرێمێکی کوردی کە شوناسی کوردبوونەکەیی ئێران تێنەپەڕێنێت و "ئارییایی بوون"[4] وەک شوناس، مێژوو و پۆتانسێلی یەکخستنی دیدگا و بەرژەوەندییەکانی بێت و هەولێریش جۆرێک ئاراستە بکات کە پێویستی هەمیشەیی بە تاران هەبێت.

بەم دوو خاڵە لەلایەک عێراقێکی جێمتمانە بە تاران و هەم هەولێرێک بێ مەترسی بۆ قوڵایی ستراتیژی ئێران دەسازێت و هەم وروژێنەری پرسی ناوخۆیی کوردان لە نێو ئێراندا نابێت.

بە وردبوونەوە لە مامەڵەی ئێران لە دوور و نزیکی شۆڕش و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و پاشان هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیەدا دەکرێت هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ئێران لە کوردستان لە چەند خاڵێکدا کورتبکرێنەوە:

١. دژایەتی دابەشبوونی یەکجاری و سەربەخۆیی هەنگاو بە هەنگاو یان ڕاستەوخۆی هەرێمی کوردستان و پاراستنی یەکپارچەیی خاک و سەروەری وڵاتی عێراق.

٢. مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراق: مامەڵەی تەواوکاری کورد و شیعە و جێکردنەوەیان لە

چوارچێوەی سیاسەتی گشتی ئێران لە ناوچەکەدا.(ئومێد ڕەفیق و ئەوانیتر، ٢٠١٨: ١١٠)

٣. پاراستنی پەیوەندی تاران و هەرێمی کوردستان و هێزە کاریگەرەکانی، لە بەرامبەر ئاسایشی ناوچەکە و دۆستێ پەیوەندیدارەکان بە قوڵایی ستراتیژیی ئاسایشی ئێرانەوە، وەک ئاسایشی سنورەکان، بنەبڕ و سنوردارکردنی چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆنی چەکداریی کوردانی ئێران.

٤. ڕێگریکردن لەوەی کوردستان ببێتە بەرەیەک یان بچێتەناو بەرەیەکەوە و ببێتە ناوچەی جێنفوزی نەیارانی ئیران، وەک ئیسرائیل و ئەمریکا.

٥. ڕێگریکردن لە گەشەی گروپە نەتەوەخواز و پان-کوردییەکانی هەرێمی کوردستان بە جۆرێک کە کاریگەری و جێکەوتە لەسەر کوردستانی ئێران جێبهێڵێت و پشتیوان و بوژێنەرەوەی بیری ناسیۆنالیستی و سەربەخۆییخوازی کوردانی ئێران بێت(حق پناه، 1387: 181).

6. سنووردارکردنی سوننەکان لە ناو خاکی عێراق و ڕێگریکردن لە بەهێزبوونیان و هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی کورد لە سوننەی عێراق و کاریگەری وڵاتانی کەنداو(بەتایبەتی عەرەبستانی سعودی و ئیمارات).

7. پشتگیریکردن لە کورد وەک کارتێکی فشار بەرامبەر بە تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنی سیاسەتی تورکیا بەرامبەر ئێران و وەرگرتنی ئیمتیازات.

8. پشتگیریکردنی کوردەکان بۆ گەیشتن بە چوارچێوەیەکی کاری هاوبەش لەگەڵ شیعەکان، دەشێت پشتگیری کوردەکانی سوریا و تورکیا بەدوای خوێدا بهێنێت کە ئەمەش دەبێتەهۆی دروستبوونی ناوچەیەکی کوردی کە دابینکەری بەرژوەندییەکانی ئێران بێت(زیباکلام و عبدالله پور، ١٣٨٨: ٦٠). کەواتە هەر ڕووداو و هۆکارێکی سیاسی ببێتەهۆی لەقکردنی یەکێک لەم بنەمایانەی سیاسەتی ئێران لە ناوچەکەدا، جۆرێک لە هەڕەشەیە لە قوڵایی ستراتیژی و بەرژەوەندییەکانی ئێران.

### 1.1.3 چارەسەری ئاسایشیی(ئەمنی) و یادەوەریی تاڵ بۆ کورد

مێژووی پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان، بە چەندین قۆناغی جیاواز تێپەڕیوە، کە هەم پەیوەندی هاوبەشیی و هاوکاریی بۆ هەردوولا فەراهەم کردووە، هەم یادەوەریی تاڵی لە یادگەی کوردستانییەکاندا جێهێشتووە، کە وەک بەشێک لە مێژوو، یادەوەریی و کلتوریی وێنابۆکراوی کوردان بۆ ئێران جێکەوتەی هەبووە و هەیە. چوار ئەزموونی ڕووخاندنی کۆماری کوردستان 1946، پەیماننامەی جەزائیر 1975، جەنگی هەشت ساڵە١٩٨٠-١٩٨٨ و ڕووداوی 16ی ئۆکتۆبەری 2017، نمونە دیارەکانی یادوەریی تاڵ (بۆ کوردستان) و ئەزمونە تاقیکراوەکانی نێوان کورد و دەسەڵاتدارای ئێرانن لە مێژووی هاوچەرخدا(بە هەردوو دەوڵەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامییەوە).

سەرکوتکردنی کۆماری کوردستان و کۆتایهێنانی تراژیدی سەرکردەکانی لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦دا و پەنابردن بۆ لۆژیکی هێزلەبری داننان و ئینکارنەکردنی مافەکانی کورد لە ئێران(مراد، ٢٠١١: ٢٣٣-٢٣٦)، لە یادەوەریی کوردانی عێراق و کوردستانیان بەگشتی، خاڵێکی ڕەشی بێمتمانەیی بۆ سیاسەتەکانی ئێران بەرامبەرکورد دروستکرد. لە سێدارەدانی پێشەوای کۆماری کوردستان لە دادگایەکی سەربازی و هەورەها لە سێدارەدانی کوردەکانیتری هاوکاری کۆماری کوردستان لە شارەکانیتری موکریان(کوچرا، 1377: 124-125؛ ئەمین، 2007: 282)، سەرەتایەکی مەترسیداری بۆ مامەڵەی هاوسەنگ هێنایەگۆڕ. دەوڵەتی پەهلەوی هەر بەمەوە نەوەستا و لە دوای ڕووخانی حکومەتی کوردستان، کەشێکی سەربازی-ئەمنی لە شاری مەهاباد و دەوروبەری هێنایەکایەوە؛ بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حزبی دیموکرات خرانە بەندینخانە و بەشێکیتریانی بۆ شارە غەیرەکوردییەکانی ئێران دوورخرانەوە و سنورەکانی ئێران لەگەڵ عێراق کەوتە ژێر چاودێری توندی دەوڵەتەوە. ئەمە جیا لەوەی لە ناو خودی شاری مەهاباد و دەوروبەری، دەسەڵاتی سەربازی گەڕایەوە و ڕاوەدوونان و گرتنی خەڵك، دەرکردن و گواستنەوەی فەرمانبەران و مامۆستایانی کوردی قوتابخانەکان و هێنانی فەرماندە سەربازییەکان بۆ ئەم ناوچانە بارێکی تەواو نائاسایی دروستکرد(سەردەشتی، 2011: 381؛ گادانی، 2008: 74؛ صادق وزیری، 1383: 58). ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لە ئازربایجانی دوای سەرکوتکردنی دیموکراتەکان، بەپێچەوانەی شاری مەهاباد و دەوروبەری، دەوڵەتی ئێران سیاسەتی ئەمنی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئەگرتەبەرو بەپێچەوانەوە هەوڵی ئاوادەنکردنەوەی زیاتری ئەم ناوچەیەی دا(صادق وزیری، 1383: 58). بیانووی سەرەکی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ ڕووخاندنی کۆماری کوردستان، هەوڵی کوردەکان بووە بۆ جیاکردنەوەی بەشێك لە خاکی ئێران، هاوشێوەی دیموکراتەکانی ئازەربایجان، بە هاندانی یەکێتی سۆڤییەت بوو(طالع، 1384: 59-60). بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ زەمینە سیاسی، کۆمەڵایەتی و دۆخی ناوچەکان بکەن کە هانی کوردەکانی بۆ داواکردنی مافەکانی دابوو، بەڵکو ئەم جوڵانەوەیان لە هاندانی دەستێکی دەرەکی بۆ لێکترازانی خاکی ئێران و بەکرێگیراوی کورد کەمکردەوە.

لە قۆناغێکی دواتردا، ئێران لە شۆڕشی ئەیلولدا بە لایەنگری کوردەکان، خەریکی سازکردنەوە و دروستکردنەوەی متمانە بوو لەگەڵ کورد بە گشتی و کوردانی عێراق بەتایبەتی، بەڵام بە کۆتایی تراژیدییەکەی ساڵی ١٩٧٥ و پەیماننامەی جەزائیر، دیسانەوە برین و بێ متمانەیی زەقتر کردەوە و وەک مۆدێلێکی ترسناک لە پەیوەندییەکانی ئێران و عێراقدا تارماییەکانی بوونیان مایەوە. بە سەرکەوتنی کودەتای ١٩٥٨ لە عێراق و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن دەستەبژێرێک کە تێکەڵەیەک بوو لە سیاسیی ڕادیکاڵ و نەتەوەیی کە بەشێکیان لە ئایدۆلۆژیای چەپ نزیك بوون، هاوکێشەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق ئاڵۆزی و گرژی زیاتری بەخۆوە بینی، ئەمە سەرەڕای مانەوەی کێشەگەلێکی قووڵ وەک کێشەی سنوری، مەزهەبی، ڕێڕەوە ئاوی و ووشکانییەکانی نێوانیان کە بەچارەسەرنەکراوی مابوونەوە. ترسی گەورەی ئێران لە بەهێزبوونی چەپەکانی لایەنگری سۆڤییەت بە تەواوی هەراسانی کردبوو و لەم پێناوەدا ئامادەبوو بۆ لێدان و کەوتنی حکومەتی نوێی عێراق، هاوکاری هەر هێزێکی ناو عێراق بکات.

لەم نێوەندەدا کارتی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان، باشترین بوو لەدەستی سیاسەتی ئێران بەرامبەر عێراقدا. ئەگەرچی بزاڤی کوردستان سودێکی کاتیی لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران وەرگرت، بەڵام ئێران و عێراق، بەردەوام لایەنە بەرهەڵستکارەکانی یەکتریان وەک ئامرازێک بەکاردەهێنا. ئێران وەك ئامرازێك دەیڕوانییە جووڵانەوەی کوردستان و لەم پێناوەدا هاوکاری و پشتیوانییە دارایی و سەربازییەکانی بۆ کورد لە ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٥[5] تەنیا بۆ زیادکردنی فشار بوو دژ بە ڕژێمی بەعس، بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە بەعسیەکان ناچار بکات دان بەدیاریکردن و نوێکردنەوەی سنورەکانی دوو وڵات لە سەر بنەمای دانوستاندنەکانی ساڵی ١٩١٣ بنێت و هێڵی تالوێگ (Thalweg) لە بەرژەوەندی تاران بناسێنێت(هەردی میکە و ئەژی ئازاد، 2018: 104).

ئەم پەیوەندییە بە پەیماننامەی جەزائیری ١٩٧٥[6] کۆتایی هات و بۆ کوردستانی عێراق، نائۆمێدییەکی کوشندە باڵی بەسەر سەرکردە و چەکدارانی جووڵانەوەکەدا کێشا. شای ئێران بۆ جێبەجێبوونی پەیماننامەکە و چارەنووسی کورد تیایدا سێ ڕێگای لە بەردەم بارزانیدا دانا: "پێش تەواوبوونی ماوەی لێخۆشبوونی گشتی کە بەغدا ڕایگەیاندبوو، خۆی بدات بەدەستەوە، یان وەکو پەنابەر لە ئێران بێت یان لەگەڵ سنورەداخراو و چاودێری لەسەرەکان لە لایەن ئێران و عێراق و جەزائیر وەک ئەوەی لە پەیماننامەکە هاتبوو، درێژە بە شەڕکردن بدات". دوای گەیاندنی پەیامەکەی شا، لە شەوی ١٩٧٥/٣/١٨ بارزانی لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ مەکتەب سیاسی حیزبەکەی و سەرکردە سەربازییەکانی، بڕیاری وەستاندنی شەڕ و کشانەوەی بۆ ئێراندا و پێڕاگەیاندن ئەوان ئازادن ئەگەر لە شەڕکردن بەردەوام دەبن، بەڵام زۆربنەیان بڕیارەکەیان پەسەندکرد. ڕێژەی کوردە پەنابەرەکان بۆ ئێران لە ماوەی چەند ڕۆژدا گەیشتە زیاتر لە ٣٠٠هەزار کەس، لەم ڕێژەیە ٣٥ بۆ ٤٥هەزاریان پێشمەرگە بوون. چەندین هەزار پێشمەرگە بۆ عێراق گەڕانەوە و خۆیان ڕادەستی هێزەکانی عێراق کرد و بەشێکیتریان لە کێوەکانی سنوری کوردستانی عێراق خۆیان حەشاردا(نازدار، ١٣٧٩: 221-223).

پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ کورد لە ساڵەکانی ١٩٦٨-١٩٧٥، ئەم ئامانجە گەورەیەی ئێرانی هێنایەدی، بەڵام بۆ کوردستانی عێراق بووە یادگاری تاڵ و تا هەنووکەش برین و زامی ئەم ئەم پەیوەندییە یەکێک بووە لە هۆکارەکانی بێمتمانەیی هەردوولا و وەک هۆکارێکی مێژوویی ڕۆڵی هەبووە لە برەونەدانی پەیوەندییەکانیان، کە لە پەیوەندییەکی کاتی و بەرژەوەندیخوازانەوە بۆ پەیوەندی ئاییندەیی و دامەزراوەیی بۆ دوورمەودا، پەل بکێشێت. ئەم ترس و تارماییە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧-دا دیسانەوە زیندووبوویەوە و ئەو مۆدێلی چارەسەری ئەمنی و لۆژیکی هێزەی زیاتر سەلماند و کردییە

نیشانەی سەرەکی سیاسەتە گشتییەکانی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٤٦-ەوە چەندینجار پشتی پێبەستووە و کێشەکانیشی وەک خۆی لە نێوان کوردستان و کوردەکان و تاراندا بە هەڵواسراوی هێشتۆتەوە.

### 1.1.4هاوبەشی و هاوپەیمانێتی کاریگەر

دەکرێت مامەڵەی ئێران لە رووی چۆنایەتی، سیاسەتە گشتییەکان و ستراتیژییەوە لەگەڵ عێراق و پێکهاتەکانی ناویدا، بە سێ قۆناغ دابەش بکرێت: یەکەم، قۆناغی دەسەڵاتدارێتی حزبی بەعس. دووەم، قۆناغی پاش جەنگی کەنداوی یەکەم و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق. سێیەم، قۆناغی پاش کەوتنی رژێمی بەعس.

لە دوای دروستبوونی عێراق(١٩٢١) و لە نێوان ساڵانی 1932-1958، هەر دوو حکوومەتی پاشایەتی عێراق و پەهلەوبی یەکەم لە ئێران، پەیوەندییەکی سیاسی گەرم و لە رووی ئایدۆلۆژییەوە گونجاویان هەبوو، بەڵام بە هاتنەسەر دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی 1958 و دواتر هاتنی بەعسییەکان لە ئەنجامی کودەتاکانی 1963 و 1968، ئەم پەیوەندییانە لە هەموو لایەنەکانی سیاسی، ئایدۆلۆژی و ستراتیژییەوە گۆڕانی بەسەر داهات و توشی ئاڵۆزی بوو(طارمی، 1382: 146-153). ئەمەش رێگر بوو کە هەردوو لا وەکو هاوبەشێکی سیاسی و ئابووری و ستراتیژی لە یەکتر بڕوانن و بە پێچەوانەوە هەمیشە نەیارەکانی (لەناویاندا کوردە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەردوولا) یەکتریان وەک کارتی یەکلاکردنەوەی ململانێکان و بەرژەوەندییەکانیان بەکارهێناوە(شیرازی و طارمی، ١٣٨٤: ٢٩٣-٢٩٩).

تەنیا 16 ساڵ دەبێت کە لە دوای ساڵی 2003-ەوە، کە نەک حکومەتێکی هەماهەنگ و دراوسێیەکی باش بۆ تاران، بگرە هاوبەشێک و تەواوکاری پرۆژەی "ئێرانی ئیسلامی" لە بەغدا دروستبووە، کە بەشێکی ئەمە بە هەماهەنگی کوردە نەیارەکانی رژێمی بەعس و هاوپەیمانە شیعەکانی عێراق بەدیهات.

بە درێژایی سەردەمی حوکمڕانی بەعس و بە تایبەت لە شەڕی هەشت ساڵەوە، ئێران کوردەکانی وەک دۆستێکی نزیک و هاوپەیمانێک لەهەمبەر لاوازکردنی بەغدا هەڵبژارد و ڕاستەوخۆ چ لەسەردەمی شاخ و چ لەسەردەمی ئەزمونی هەرێمی کوردستان، مامەڵەی لەگەڵ کوردەکاندا لەچوارچێوەی ستراتیژی دوولایەنەی ئێران-کوردستانی عێراقدا رێکخست. ئەم هاوکارییە لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق گەیشتە ڕادەیەك کە ئێران بە هاوبەشی لەگەڵ کوردەکان بەرنامەی هێرشکردنە سەر شاری کەرکوکی[7] لە ساڵی 1986 جێبەجێکرد و لە ساڵی 1988 هێزە ئێرانییەکان هاتنەناو هەڵەبجە، بە شێوەیەك کە بەرەی باکوری شەڕەکەیان لە نێو خاکی عێراقدا بە قازانجی خۆیان شکاندەوە، کە دواتر پەلاماری توندی دەوڵەتی عێراقی بەدوای خۆیدا هێنا(حق پناه، 1387: 162).

پاش شۆڕشی ئێران(1979)، مەسەلەی مەزهەبی و ئایدۆلۆژیای شۆڕش، هۆکارێکیتری پێنەدانی مافی کورد بوو. هەربۆیە سیاسەتی ئێران لە پشتگیری کورد، تەنیا وەك کارتێکی فشار بوو بۆ سەر دەوڵەتی عێراق، ئەگینا لە دیدی بەشێك لە شۆڕشگێڕان و بەتایبەتی سوپای پاسدارانەوە، کوردەکان هاوکاری لەگەڵ ئەمریکای "ئیمپریالیزم" دەکەن و دروستبوونی هەر حکومەتێك بە مانای دروستبوونی "ئیسرائیلی دووەم" دێت.(نیرۆەبی، 2008: 220) سەبارەت بە لایەنی کوردی، پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی نۆیەمیدا لە تەشرینی دووەمی 1979، پشتگیری خۆی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاگەیاند[8] و تەنانەت بەشداری چەندین شەڕی هاوبەشی کرد لەگەڵ هێزەکانی ئێران بۆ لێدانی جووڵانەوەی کوردستانی و بە تایبەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. یەکێتی نیشتمانی هەڵوێستێکی ئاشکرا و روونی نەبوو، ماوەیەك سەرقاڵی دانوستان بوو لەگەڵ حکومەتی عێراق و پشتگیری جوڵانەوەی کوردی ئێرانی دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی لە دانوستانەکاندا نەگەیشتە ئەنجام، لە ساڵی 1986 بەولاوە چووە بەرەی ئێران دژ بە حکومەتی عێراق و چەندین ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان ئەنجامدا(شیخ عطار، 1382 :176-193؛ نەوشیروان مستەفا، 1994: 101-114). هاوپەیمانێتی سەربازی هێزە کوردستانییەکانی عێراق و دەوڵەتی ئێران بە ڕادەیەک بوو کە پێکەوە نزیکەی ٢٠٠٠ کیلۆمەتریان لە بەرەیەکی فراوانی جەنگیدا بەڕێوەدەبرد و هێرشیان دەکردە سەر سوپای عێراق(مرادی، ١٣٩٧: 33)دەرەئەنجامی ئەم نزیکبوونەوانەی هەر دوو لایەنی سەرەکیی کوردی لەگەڵ

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئێراندا، لە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانی عێراق دەرکەوت کە لە یەکەمین کۆبوونەوەیان لە حوزەیرانی 1988، ڕژێمی بەعسیان بە تاوانباری شەڕەکە ناوبرد(بەرەی کوردستانی عێراق، 1988: 19-20). هەربۆیە سەرەڕای ئەوەی ئێران لە بنەڕەتدا دیدێکی گوماناوی بۆ کورد هەبوو، بەڵام دۆخی ناچاری قۆناغی شەڕ و بەتەنیا مانەوەی لە ئاستی هەرێمی لە شەڕی عێراقدا، وای لێکرد کە بیر لە هاوکاری و بەکارهێنانی کوردی باشور بکات کە سێبەری ئەو هاوپەیمانێتییە جەنگییە تا هەنووکەش بەسەر سیاسەتی هەولێر و تارانەوە هەر بەردەوامە. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لە هەمانکاتدا، کوردی ڕۆژهەڵاتی سەرکوت دەکرد.

ئەمە ڕاستییەکی سەلماند، کە دۆستی ڕاستەوخۆ و بێپێچوپەنای ئێران لەناوچەکەدا، کوردەکانی عێراق بوون. ئەگەرچی هێزە شیعەکانی وەک حزبی دەعوە و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراقیش بوونیان هەبوو بەڵام ئەمە لە نزیکایەتی کوردەکانی لە چوارچێوەی ستراتیژی شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا کەمنەکردەوە. لە سەردەمێکیشدا کە دنیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پشتی لە شۆڕشی ئیسلامی ئێران کردبوو، کوردەکان(چەپ و نەتەوەیی و ئیسلامی) بەپێچەوانەی دنیا، رویان لە ئێران کرد.

بەڵام لە دوای باڵادەستی شیعەکانی لایەنگری ئێران لە عێراق، ئیتر گۆڕاوێکیتری سیاسەتی ئێران بەرامبەر کورد لە عێراق، هاتەئاراوە کە بەغدا چیتر لایەنگری ئێرانە نەک دژ. هاوکێشەکان گۆڕدران، حکومەتێکی زۆرینە شیعە لە بەغدا پێکهات و گۆڕانێکی ستراتیژی بەسەرپەیوەندی کورد و ئێراندا هات. چیتر ئێران، کوردەکانی عێراقی وەک کارتێک بۆ لێدان و لاوازکردنی بەغدا نەک بەکارنەهێنا، بگرە بەپێچەوانەوە بۆ تەواوکاری و پاڵپشتی بەغدای نوێ، بەکاریهێنان و سەرجەم پەیوەندییەکانی خۆی لەسەر ئەم ستراتیژە نوێیە خستەکار: ستراتیژی "ئێران-کورد-عەرەبی شیعە لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتووی هاوپەیمانی تاران". ئێستا ئیتر لە ڕێی دیدگای دروستکردنی بەغدایەکی بەهێزی مەیلان شیعەوە هەنگاوەکانی خۆی بۆ پشتیوانی یان پشتێکردنی لەگەڵ هەرێمدا گرتۆتەبەر.

لە هەمووی ئەمانە گرنگتر، ڕۆڵ و پێگەی عێراقە لەو هێڵەی کە ئێران ناوی لێناوە "بەرەی خۆڕاگری"(محور مقاومت)، هێڵێک کە بە فەلەستین، لوبنان، سوریا، عێراق و یەمەندا درێژ دەبێتەوە و لە کۆمەڵێک هێزی چەکدار(حیزبوڵا، حەماس، حەشدی شەعبی و...) پێکدێت کە ئێران پشتیوانیان دەکات و ئامانجیان ڕێگریکردنە لە هاتنەدی پلانەکانی (ئەمریکا و ئیسرائیل)، هاوپەیمانەکانیان لە ناوچەکە(عەرەبستان، ئیمارات و ...)، مەترسی گروپە چەکدارە سوننەکان(داعش، جەبهەی نوسرە و...) و دواجار پاراستنی ئێرانە لەو مەترسییەکانی کە ئێران بە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ناوخۆیی و بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا دەزانێت(ئەژی ئازاد، ٢٠١٩: ٥٧-٥٨). هەر بۆیە لە دیدی ئێران هەرێمی کوردستان وەك بەشێکی دانەبڕاو لە عێراق، پێویستە پابەندی یەکپارچەیی عێراق بێت و ئەم هێڵە ستراتیژییە نەپچڕێنێت. بۆ زیاتر لە 16 ساڵ دەچێت کە بەرژەوەندی و قوڵاییە ستراتیژیەکانی تاران و بەغدا بەرامبەر کوردستان بە تایبەتی، تەریبن و هەماهەنگی وردیان لەسەرکراوە.

### 1.1.5هاوسێیەتی ناچاری و فاکتەرەکانی پەیوەندیی هاوبەش

چەندین دۆسێی هەڵواسراو هەم هەڕەشەسازن و هەم هەل دەدەنە هەولێر و تاران بۆ کاری پێکەوەیی؛ بەشێکیان لەناو یادگەی مێژووییدان و تارماییان کاریگەریی ماوە و بەشێکیشیان هاوچەرخن و پەیوەندییان بە دۆخی بەرەو پێشچووی گۆڕانکاریی و خواستی سیاسیی کورد و هەرێمی کوردستانەوە هەیە. ئەو دۆسێیانە بە وردبوونەوە لە مێژوو و ڕیشەکانیان بە لایەنێک یان چارەسەریی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بەبێ هەرێمی کوردستان چارەسەر نابن، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

#### آ- دۆسێی سنوور

دۆسێی سنوور و ئاڵۆزییەکانی تەنها زادەی مێژووی هاوچەرخی دەوڵەتەکانی ئێران و عێراق نین، بەڵکو ڕیشەیان دێرینترە و بەشێکی سەرەکی بۆ ململانێی ٥٠٠ ساڵەی عوسمانیی و دەوڵەتەکانی سەفەوی، ئەفشار، زەند و قاجار دەگەڕێتەوە کە هۆکاری نائارامی و ناجێگیریی سنورەکانیان بوون.

ئێران لە دەوڵەتی سەفەویەوە تا ١٩٨٨، زیاتر لە ١٩ ڕێککەوتن و پەیماننامەی ستراتیژیی دوورمەودای لە پێناو جێگیرکردنی

سنوور و ڕاگرتنی ئاڵۆزیی و مەترسییەکانی سنوور ئیمزا کردووە. سنورەکان مشتومڕی پڕکێشەیان لە نێوان عێراق و ئێراندا سازاندووە، یەکلانەبوونەوەی ئەم کێشانە دواجار جەنگی خوێناوی هەشت ساڵەی بەدوای خۆیدا هێنا.(مجتهدزاده، ۱۳۸۹: ۱۹۸ و ۲۰۸). بەشێکی کاریگەری ئەم ململانێ و جەنگە ۵۰۰ ساڵەیە لە خاکی کوردستاندا بووە. بۆ ئێران و عێراق، ئێستاش ئێران و و هەرێمی کوردستان هەمیشە دۆسێیەکی ئاسایشی-سیاسیی- ئابووریی ئاڵۆز و کاریگەر و کراوە بوون.

لە سەرجەمی ئەو ۱۹ پەیماننامەیەدا، کورد خاڵی سەرەکی و واقیعێك بووە لە سەرمێزی گفتوگۆکان و ڕێوشوێنی سیاسیی-ئەمنی بەرامبەر گیراوەتەبەر. کەچی لە هیچ یەکێکیاندا لەگەڵ کورد خۆیدا گفتوگۆ نەکراوە و تەنیا گفتوگۆیان لەسەرکراوە، گەرچی یەکێک لە بنەڕەتی کێشەکان، خودی کورد و مافە سیاسییەکانی بوون لە هەر قۆناغێکدا بووبێت. بەڵام تاکە قۆناغێک کە کورد تیایدا لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان، خۆی وەک واقیعێکی سیاسیی نوێ دەردەخات و خۆی دەسەلمێنێت، ئێران وەک "دراوسێییەکی ناچاریی" دەکەوێتە مامەڵە لەگەڵیدا و ئەنجام و لێکەوتەی گونجاوی بۆ بەرژەوەندی هەردوولا لێدەکەوێتەوە.

سنووری هەرێمی کوردستان (وەک کاراکتەرێکی نادەوڵەتی) لەگەڵ ئێراندا، بە بەراورد لەگەڵ قۆناغە مێژووییەکانی دیکەدا، ئاسایشی جێگیرتر بووە و هەرێمی کوردستان وەک "فاکتێکی نادەوڵەتی" دراوسێیەکی ئەمین تر بووە لە کابینە جیاوازەکانی حکومەتە فەرمییە عێراقدا. سنورەکانی هەرێم لەگەڵ ئێراندا لە ڕووی ئەمنییەوە ئارامتر بوون لە سنورەکانی ناوچە عەرەبییەکانی عێراق، لە ۱۹۹۲-ەوە تا کۆتاییەکانی شەڕی داعش لە ۲۰۱۸-دا. هەرێمی کوردستان لە ئەگەری بوونی پەیوەندی هاوسەنگ و تەواوکار لەگەڵ تاراندا، دەتوانێت چارەسەری ئەو ئاڵۆزییانەی ڕابردوو بکات کە ئەم سنورانە بە خۆیانەوە بینوویانە، بەڵام لە هەمان کات لە ئەگەری پچڕانی پەیوەندی و لاوازیی و بێمتمانەیی کوردستان، دیسانەوە هەولێر دەبێتە کێشە و سەرئێشە بۆ ستراتیژ و سیاسەتەکانی ئێران لە عێراق.

### ب- کوردانی ئێران

مافەکانی کوردستانی ئێران یەکێکە لەو خاڵە هەستیارانەی کە بۆ هەردوولا زۆرجار مایەی ناکۆکی بووە، ئەوان ئێستا کەمترین پشکیان لە مافە سیاسیی، کولتووریی و کارگێڕیی وڵاتەکەیان هەیە، کە هۆکارەکەی بۆدەستووری پڕ لە جیاکاری مەزهەبیی "نەگۆڕ" دەگەڕێتەوە. سەرەڕای ئەوەی لە مادەی 19-ی دەستوری کۆکاری ئیسلامیی ئێران هاتووە کە خەڵکی ئێران هەموویان "مافی یەکسان"یان هەیە و نەژاد و زمان نابێتە هۆی ئیمتیازێکی تایبەت(مجموعه قوانین جمهوری اسلامی ایران: 1395: 47) و لە مادەی 15، زمانی فارسی بە زمانی فەرمی دیاریکراوە، بەڵام هەر بە پێی ئەم مادەیە، لە بڕگەی دووەمدا، ڕێگەدەدات کە زمانە نێوخۆییەکانیتر لە بواری ڕۆژنامەگەری و گرووپی میدیایی و خوێندنی ئەدەبیاتی ئەو زمانانە لەگەڵ زمانی فارسی بەکاربهێنرێت(هەمان سەرچاوە، 46)، بەڵام لە کرداردا ڕێگەنەدراوە ئەم مافە پیادە بکرێت. ئەمە جیا لەوەی کە لە ڕووی مافی سیاسییەوە، لە مادەی 115 و سەبارەت بە مەرجەکانی سەرۆك کۆمار هاتووە کە پێویستە سەرۆك کۆمار لەسەر مەزهەبی فەرمی ئێران واتە شیعە بێت(هەمان سەرچاوە، 104).

لە لایەن بەرپرسانی ئێرانییەوە، کوردبوون و سوننەبوونی زۆرینەی کوردانی ئێران، وایکردووە کە بەسەرچاوەی هەڕەشە دابنرێن. ئەمەش وایکردووە کە ئەگەر کوردەکان داوای مافی خۆیان بکەن یان لایەنێک لە دەرەوەی ئێران پشتیوانیان بکات، بە سەرچاوەی ئاژاوەگێڕی لەقەڵەم بدرێن. بەمشێوەیە ڕێگەنەدان بە مافی کولتووریی و نەتەوەیی کوردەکانی ئێران، نیگەرانی و بێزاریی نەک لای کوردانی ئێران، بەڵکو لای کوردانی وڵاتانی دیکەش هەستێکی وای بەرهەمهێناوە، کە ئێران دان بە مافەنەتەوەییەکانی کورددا نانێت و ئەمەش لێکەوتەی لە مامەڵەی کورد لە لەگەڵ ئێراندا جێهێشتووە و بووەتە کێشەیەکی هەڵواسراوی دێرینە.

هێزە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی چەکداری و ناچەکداری ئێران، بۆ هەرێمی کوردستان کارتی بەهێزی سیاسەتکردن و پەیوەندییەکانن -ئەگەرچی تا هەنووکەش بەباشی و بۆ دوورتر وەبەری نەهێناون-. بەڵام بەپێچەوانەوە بۆ دەوڵەتی ئێران سەرچاوەی هەڕەشەن و کاریگەریی قوڵیان لەسەر ئاسایش و

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پێگەی ئێران و گوتاری سیاسەتی دەرەکی ئێران هەیە و دەبێت(حق پناه، 1387: 181). ئەگەرچی لە ساڵانی پاش ١٩٩١ و بەدامەزراوەییبوونی، حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیوێتی دۆخێکی ئەمنی ئارام بۆ ئێران بخوڵقێنێت و بە پێچەوانەی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە ناوچەکوردستانییەکانی بارەگای هێزە چەکدارەکان و بەردەبازی پەلاماردانی سنورەکانی ئێران و چالاکیی ئەو هێزانە بوون، ڕێگەی بە کەمترین چالاکی هێزە چەکدارەکانی کوردانی ئێران داوە و نەیهێشتووە خاکی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنرێت بۆ لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئێران. بەرپرسانی هەرێم بەردەوام جەخت لەسەر ئارام ڕاگرتنی ئەم کارتە هەستیارە و سنورەکانی هەرێم دەکەنەوە(Ana, 1398)، بەڵام لە ئێستادا و بۆ هەمیشە(تا چارەسەری ڕیشەیی پرسی کورد لە ئێران) ئەم کارتە یەکێکە لەو خاڵانەی کە دەکرێت سەرچاوەی ناکۆکی بێت لە پەیوەندی تاران و هەولێردا. بە تایبەتی لە ساڵانی دواییدا چەندین جار بەرپرسە سەربازییەکانی ئێران، دەسەڵاتدارانی هەرێم و بە تایبەتی هەولێریان ئاگادر کردووە کە نابێت ڕێگە بە یارمەتیی هێزە کوردییەکانی نەیاری ئێران(کە لە ئەدەبیاتی ئێران بە "ضد انقلاب" ناودەبرێن) لە لایەن وڵاتانی کەنداو وەك عەرەبستانی سعودی، هەروەها ئەمریکا و ئیسرائیل بدرێت.(Dw, 2016)

### ج- کەرکوک و ناوچەی جێناکۆك

یەکێکیتر لە خاڵە ناکۆکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئێران، دیدگای ئەو دوولایەنەیە بۆ پرسی کەرکوک؛ سەرکردە سیاسییەکانی کورد بۆ نیوسەدە زیاترە کە خاڵی سەرەکی ناکۆکییان لەگەڵ بەغدا و ئەنکەرە و تاراندا، کوردستانی بوونی ئەو شارەیە. بە پێچەوانەوە دیدی ئێرانی، ئەگەرچی ناڕوونی پێوە دیارە، بەڵام لە واقیعدا لایەنگری بەغدا بووە و هۆکاری سەرەکی یەکلابوونەوەی کەیسی ناوچەدابڕێنراوەکان(ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم) و کەرکوک بووە. تاران لە دوای ٢٠٠٣-ەوە پشتیوانی تەواوی هەرسێ کابینەی جەعفەری، مالیکی و عەبادی بووە کە بە توندی دژایەتی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠-ی دەستووری عێراق بوون.

ئەم سوربوونەی ئێران لەسەر هاوکاری بەغدا بۆ نەگێڕانەوەی کەرکوک بۆ هەرێم، بۆ ڕەهەندی جیۆئیکۆنۆمی و سەرچاوە دەوڵەمەند بە وزەکەی ئەم شارە دەگەڕێتەوە، بەجۆرێک هەڕەشەی بۆ ئایندەی ئاسایشی ئێران سازاندووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەرکوک یەدەکی نەوتی نزیکەی ٤٠٠٠٠٠٠٠٠ ملیار بەرمیل نەوتە و دووەمین کێڵگەی نەوتی عێراقە پاش بەسرە و پشکی ٤٠٪-ی هەناردەی دەرەکی نەوتیی عێراقە(ساسانیان، ١٣٩٦).

بەشێکیتری هەستیاریی ئێران بۆ کەرکوک پەیوەندی بە دیدی جیۆپۆلەتیکی ئێران و دیدگای بەرامبەر بە هەبوونی ئیسرائیلە، کە لە لای ئەوان هۆکاری سەرەکی پشتیوانی ئیسرائیل بۆ جیابوونەوەی هەرێم لە بەغدا، دابینکردنی سەرچاوەی دڵنیاکەرەوەی وزە و سوتەمەنییە. بە شێوەیك کە دەوڵەتی ئیسرائیل بە هۆی کێشەی دابینکردنی وزەوە، دەیەوێت لە ڕێی هەرێمی کوردستانەوە دەستی بە سەرچاوەی پڕداهاتی کەرکوک بگات و لە ڕێگەی وەبەرهێنانی نەوت لەم شارە و گواستنەوەی نەوت بە بۆری کەرکوك-حەیفا، لەم لایەنەوە لە وڵاتانی تری ناوچەکە بێمننەت بێت. تاران باوەڕی وایە ئێستاش ئیسرائیل گەورەترین کڕیاری نەوتی هەرێمی کوردستانە(موسوی زاده و جاودانی مقدم، 1388: 212؛ حاجتپور، 1396). ئەمە جیا لەوەی کە لە ساڵانی رابردوودا بەردەوام بەشێك لە میدیا و توێژەرانی ناوخۆی ئێران، باسیان لە پلان و هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای شاری کەرکووك دەکەن لە ڕێگەی هێنانی "کوردە یەهودییەکان" بۆ ئەم شارە و کەمکردنەوەی ڕێژەی عەرەب و تورکمانەکان، کە ئەمەش لە ڕێگەی پیدانی قەرزی بانکی بە کوردەکان بۆ کڕینی زەویە کشتوکاڵی و نەوتییەکانی عەرەبی ناوچەکە و دەرکردنی خاوەنەکانیان ئەنجام دەدرێت(اخوان کاظمی و دیگران، 1396: 11).

بەمشێوەیە کەرکوک لە ڕوانگەی بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی ئێران لە عێراق و کوردستاندا بۆ تاران وەک دڵێک بۆ ڕاگرتنی یەکپارچەیی عێراق و پێویستی کورد بە بەغدا و تاران و هەروەها وەک تەواوکارێکیش بۆ "هیلالی شیعی" دادەنرێت. لەم ڕوانگەیەوە، ڕووداوەکانی دوای 2017/٩/٢٥

دەرخەری نیگەرانیی کەڵەکەبووی ئێران بوون بەرامبەر کەرکوک، کە سەرچاوەکەی دەگەڕایەوە بۆ:

١. کورد لە سەرجەم هەڵبژاردنەکانی دوای 2003، سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە؛ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك لە ساڵی 2005، لە کۆی 41 کورسی، 26 کورسی و لە هەڵبژاردنی نیشتمانیی بۆ پەرلەمانی عێراق، لە کۆی 9 کورسی، 5 کورسی بەدەستهێنا(ئاندرسن و ستانسفیلد، 2013: 203 و 234). ئەم سەرکەوتنانەی کورد لە کەرکوك، بە ڕێژەیەکی جیاوازتر لە هەڵبژاردنەکانی 2010 و 2014-ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دووبارە بوویەوە[9]، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٧ هەرێم بەتەواوی کۆنترۆڵی ئاسایشی کەرکوکی گرتەدەست. لەوەش زیاتر هەرێم بێباک لە بەغدا و هەر لایەک، حکومەتی خۆجێیی پێکهێنا، کە وایکرد وەک نەیارێک بەرامبەر بەغدا دەرکەوێت لە بری تەواوکار و هاوپەیمان، کە دەکاتە پێچەوانەی خاڵێکی بنەمایی سیاسەتی گشتی ئێران.

٢. لەوەش زیاتر بەهۆی دەرکەوتنی داعش و لە ٢٠١٤-ەوە، ناوچە جێناکۆکەکان لە ڕووی نفوزی سیاسی و ئابورییەوە بەتەواوی کەوتنە بندەستی هەرێمی کوردستانەوە و ببوون بە هەڕەشەی بێباکی هەولێر بەرامبەر تاران.

هەر لەم چوارچێوەیەدا بۆچوونێکی ناوخۆی ئێران لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە عێراق و ئاگاداربوون لە دۆخی کوردەکان، ئەوەیە کە هیچکاتێك شاری کەرکوک نەچێتە ئامێزی هەرێمی کوردستانەوە و بەم شێوە پشتگیری لە یەکپارچەیی خاکی عێراق بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کە سوود لە ناکۆکییەکانی حزبە کوردییەکان بگیرێت لە پێناو نەگەیشتن بە کۆدەنگییەک لە بابەتی سەربەخۆیی کوردستاندا، بەڵام لە بەرامبەردا پشتگیری لە کوردەکان بکرێت بۆ ئەوەی لە هەرەمی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق بوونیان هەبێت، تا کوردەکان کەڵکەڵەی نەتەوەییان خاوێیتەوە و بیانووبڕ بن(درویشی و پرتو، 2017).

بە دەستوبردکردنی ئێران و هاوپەیمانانی لە ناوچەکەدا لە یەکلاکردنەوەی خێرای پرسی کەرکوک و دەرهێنانی لە ژێر نفوزی هەولێردا لە دوای ڕووداوەکانی 16-ی ئۆکتۆبەری 2017، دەرکەوت هەستیاری کەرکوک زۆر زیاتر و بایەخدارترە لە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی هاوبەشی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی مێژوویی و سیاسی، تەنانەت گەر ئایندەی پێکەوەکارکردنی تاران و هەولێریش بخاتە مەترسییەوە.

د- ترسی سەربەخۆیی کوردستان و کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئێران

نیگەرانی سەرەکی ئێران لە پێشخستنی پەیوەندی سیاسیی خۆی لەگەڵ هەولێر، بە پلەی یەکەم ئەگەری سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و هەڵوەشاندنەوەی عێراقە؛ ڕیفراندۆم دەرخەرێکی ڕوونی نیاز و دیدی ئێران بوو بەرامبەر هەولێر. هەر ئەم ترسەش وایکردووە، هەمیشە پەیوەندییەکانی هەولێر-تاران زیاتر ڕەنگی پەیوەندی تاکتیکی و کەمتر ستراتیژیی بنوێنن و ئاییندەیی نەبن. لەوەش زیاتر هەولێر وەک پشک لە پەیوەندیدایە لەگەڵ تاران، نەک بەشدار و هاوبەشی ڕاستەقینە و دوورمەودا، هەروەک لە چەندین وێستگەدا بینراوە کاتێک هەولێر و بەغدا ناتەبا و ناکۆک بوون، ئێران بێ دوودڵی پەیوەندی دەیانساڵەی لەگەڵ هەولێردا دەکاتە قوربانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدادا.

ئێران هێشتا باوەڕی وایە ریفراندۆم پرۆژەیەکی ئیسرائیلی-ئەمریکییە و سەربەخۆیی کوردستان ئامانجەکەی تێکدانی ناوچەکە و دژایەتی بەرژەوەندی ئێرانە، تەنانەت ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران(لە دیداری سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری٢٠١٧ لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرکۆماری تورکیادا) ڕایگەیاند کە ریفراندۆمی سەربەخۆیی "خیانەت بوو" و باوەڕی وابوو کە "ئەمریکا و هێزەدەرەکییەکان بەدوای دروستکردنی ئیسرائیلێکی نوێدا دەگەڕێن". بۆ بەرگرتن لەم کێشانە بە پێویستی زانی کە "ئێران و تورکیا بە لێکتێگەیشتنێک بگەن و بەرجەستەی بکەن"(Khamenei, 1396؛ زارعی، 1396؛ Tasnimnews, 1396)، ئەڵبەت هەرواشیان کرد. هەربۆیە ئەنجامدانی ریفراندۆم لە لایەن هەرێمی کوردستان، خاڵێکی وەرچەرخانی پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێم بوو. کاردانەوەی فەرمی ئێران هەر لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی پرۆسەکە بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک دژایەتی ڕەهای ڕیفرەندەم بوو.

سووربوونی هەرێمی کوردستان لە سەر ئەنجامدانی ریفراندۆم، گومانەکانی ئەو بەشەی لە دەسەڵاتدارانی ئێران کە بەردەوام بە چاوێکی گومانەوە لە سیاسەتەکانی هەرێمیان

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەروانی زیاتر کرد، بە جۆرێک کە بیریان لە سزادانی هەرێم کرد و رۆژێک پێش بەڕێوەچوونی ریفراندۆم سنووری ئاسمانی ئێران و هەرێم داخرا(Hamshahrionline, 1396). هەر لەو رۆژەدا سوپای پاسداران، مانۆڕێکی سەربازیی لە ناوچە سنوورییەکانی دوو پارێزگای کوردستان و ئازربایجانی رۆژئاوا، ئەنجامدا(Bbc, 2017)، هەروەها دوای چەند رۆژ لە بەڕێوەچوونی ریفراندۆم، مانۆڕێکی سەربازیی هاوبەش لە نێوان هێزە سەربازییەکانی ئێران عێراق لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو(Radiofarda, 1396). هەر لەم ماوەیەدا ئەمینداری گشتیی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشیی نەتەوەیی ئێران(عەلی شەمخانی)، لە هۆشدارییەکی کەم وێنەدا، رایگەیاند کە جیابوونەوەی هەرێم لە عێراق بە مانای کۆتاییهاتن بە هەموو رێککەوتننامە سەربازی و ئەمنییەکانی نێوان ئێران و هەرێم دێت و ئێران پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی خۆی بەرامبەر بە هەرێم دەکات(Bbc, 2017).

هەموو ئەمانە لە کاتێکدا بوو کە ئێران دەیتوانی رێگای سێیەم بگرێتەبەر و هەمان ئەزموونی تاڵ و ئەمنی دەوڵەتی پەهلەوی دووەم دووبارەنەکاتەوە، کە تیایدا لەبری بڕیاری زاڵی دیدگای ئەمنی-هێزی ناو ژووری بڕیاری سیاسەتی گشتیی ئێران بەرامبەر هەرێم، بە شێوەیەکی تر بڕیاری بدایە:

١. دەکرا لە دوای پرسی ریفراندۆمەوە، رۆڵی نێوانگیری لە نێوان هەولێر-بەغدادا بگێڕایە.

٢. تەنانەت ئەگەر رۆژێک دەوڵەتی کوردستانیش رابگەیەنرایە، ئێران دەیتوانی وەک هەلێک نەک هەڕەشەیەک لەم رووداوە بڕوانێت و بە فەرمی بیناسێنێت، بەمەرجێ ئەوەی "دەوڵەتی نوێی کوردستان" سنورەکانی ئێران و رێککەوتنە نێودەوڵەتییە سنوورییەکانی ئێران بە پارێزراوی بهێڵێتەوە.

٣. ئێران دەیتوانی هەوڵبدات لە رێی پەیوەندیی فراوانی ئابووریی، پەیوەندی دۆستانەی خۆی لەگەڵ هەولێردا لە هەر حاڵێکدا چەسپاوو پایەدار بکات(علیجانی، ٢٠١٧).

هەندێک لە رۆشنبیرانی ئێران بەپێچەوانەی بڕیاری بەرپرسانی باڵادەستی ئێرانەوە، باوەڕیان وابوو کە هەر لایەنێك دژی سەربەخۆیی کوردەکان بووەستایە، نەدەبوو ئێران دژی بوایە و پشت بکاتە کوردەکان و "دەوڵەتی کوردستان بە ناوەندێتی هەولێر، هیچکاتێك شمشێر دژی ئیران ڕاناکێشێت"(شفیعی، 2017).

ئامۆژگاری بەشێک لە شرۆڤەکار و ئاکادیمیستەکانی ئێرانیش بەو شێوەیە بوو کە ئێران نابێت رێگە لە گەشە و مافی سیاسیی و کیانیی کوردەکانی عێراق بگرێت، چونکە جیا لەوەی هەولێر وەک دراوسێیەکی ئارام و هاوبەرژەوەندی دووردەخاتەوە، دووریش نییە کوردانی ئێرانیش نیگەرانتر و نائارامتر بکات، چونکە کوردانی ئێران بە مامەڵەی ئەرێنی تاران لەگەڵ هەولێردا دەتوانن ئارامگر بن و لەگەڵ ئێراندا بسازێن. ئەمە هۆکارێکە بۆ دڵدانەوەی ئەوان و کەمێک لە برینی جیاکاریی دەستووریی و درێغکاریی لە مافیان لە ناو ئێراندا سارێژ دەکات(علیجانی، ٢٠١٧). هەروەها بەشێکی دیکە لە چاودێرانی سیاسیی ئێرانی(بە ئاماژەدان بە رووداوەکانی پاش ریفراندۆم) پێیانوایە ئەگەرچی بە سوودوەرگرتن لە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی حزبە کوردییەکان و بەکارهێنانی گروپێک دژ بە گروپێکیتر لە نێوخۆی کوردستان، توانرا ئەنجامێکی خێرا بەدەستبهێنرێت و ریفراندۆمی هەرێم رووبەرووی شکست بکاتەوە، بەڵام ئەمە چارەسەری کۆتایی نییە و لە دوارۆژدا کێشەکان زیاتر دەکات، چونکە ریفراندۆم دەرخەری "هیوایەکی دێرینە"ی کوردەکانە و پێویستە ئێران لەم گەڵ ئەم بابەتەدا، بە تێڕوانینێکی درێژمەودا مامەڵە بکات(نوربخش، ١٣٩٦: ٤٤). هەرچەندە ئەم بۆچوونە لە ئیستادا بە هۆی پێویستیی زیاتری سیاسیی و ئابووریی ئێران بە عێراق لە چوارچێوەی وڵاتێکی یەکگرتوو و یەکدەستدا، دوورە لە سیاسەتی پیادەکراوی ئەم وڵاتە بۆ ناوچەکە.

ئەگەر ئێران لەبری بیرکردنەوەی ئاسایشیی و لۆژیکی هێز و واقیعگەرایی دەوڵەتیی، بیری لە نەرمەهێز لە رووی شوناس، جیۆپۆلەتیک و ئابووری بکردایە، دەتوانرا، بەرژەوەندی دوورمەوداتر لەبەرچاو بگیرایە و هاوپەیمانێتییەکی متمانەپێکراوتر بونیاد بنرایە. لەلایەکیترەوە کوردستانی ئێرانیش بەرامبەر تاران(وەک هەڕەشەیەکی بەردەوام)، ئارامتر خۆی دەنواند، بەمەش هاوپەیمانێتی هەولێر-تاران پێیدەنایە ناو هاوبەشییەکی راستەقینە، نەک ئەوەی ئەو تێڕوانینە بە زیندووی بهێڵێتەوە کە ئێران بە هەر فۆرمێکییەوە بێت، لە دەوڵەتی پەهلەوییەوە تا کۆماری ئیسلامی، "وەک کارتی فشار"

و بە دیدگایەکی ئاسایشییەوە لە کوردستانی عێراق ڕوانیوە و دەڕوانێت.

**ئەنجام**

دیدگا و سیاسەتی گشتی ئێران بەرامبەر کوردستانی عێراق، لە سێ قۆناغدا پۆلێن دەکرێت: قۆناغی یەکەم: لە سەردەمی پەهلەوی دووەم، کە تێیدا جوڵانەوەی کوردستانی وەک کارتێک بەکارهێنا بۆ لاوازکردنی ڕژێمی کۆماری کە لە ١٩٥٨-ەوە هاتە سەرکار و نەیاری سیستمی پاشایەتی بوو. قۆناغی دووەم: لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران(شۆڕشی ئیسلامی ئێران)1979، لەم قۆناغەدا کوردستانی عێراق و هێزە سیاسییەکانی وەک کارتێک بۆ لێدان و لاوازکردنی حکومەتی بەغدا(بەعس) بەکار دەهێنا و لەم پێناوەشدا هێزی مرۆیی شیعەی عێراق و کوردەکانی کردە بەرەیەک. قۆناغی سێیەم: قۆناغی پاش ٢٠٠3-یە و کۆماری ئیسلامی ئێران، پێچەوانەی هەنگاوەکانی دوو قۆناغی پێشووتر، حکومەتی هەرێم و هێزە کوردستانییەکانی وەک بەشێک لە ستراتیژیی بەڕێوەبردنی عێراق بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ هێزە پرۆئێرانییەکانی باشوردا کە شیعەمەزهەبن، بەکاریان بهێنێت و ئیدارەی عێراقێکی پێبدەن کە لە خولگەی ئێران و سیاسەتە گشتییەکانیدا بخولێتەوە. لە سەرجەم ئەو سێ قۆناغەدا، کوردستانی عێراق، کارتی بەهێزی ناو ستراتیژەکانی ئێران بوو، گەرچی دیدگای ئایدۆلۆژیی حکومەتە ئێرانییەکانیش پێچەوانە بووبێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەرسێ قۆناغدا، چەندین فاکتەری هاوبەشی کولتووری، ئایینی، مەزهەبی، جوگرافی و ئابووری بەکارهاتوون بۆ دڵڕاگرتن و هاوبەشیپێکردنی کورد، لەوانەش بە ئێرانی لەقەڵەمدانی کورد(ئاریایی بوون)، نەورۆزیبوون، هاوسێیەتی و مێژووی هاوبەش، دوژمنی هاوبەش، ئابووریی و قازانجی هاوبەش...تاد .

بە وردبوونەوە لە ڕووداو و پەیوەندییە مێژووییەکان لە ڕووی زەمەنییەوە، هاوبەشی و پێکەوەکارکردن لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا زێتر بووە، بەڵام لە ئەنجامگیریی و کۆتایی هەر قۆناغێکی پەیوەندییەکاندا جا هەر جۆرە سیستمێک و گوتارێک لە ئێراندا دەسەڵاتدار بووبێت، یادەوەرییەکی تاڵی جێهێشتووە(لانیکەم لە دیدگای کوردەکانەوە)، کە وێنای ئەم پەیوەندییانە لای سەرکردە و یادەوەریی مرۆڤی کوردستانی عێراقدا وا وێنا بکرێت کە هیچکات پەیوەندییەکان لە کارتی فشار و تاکتیکی سیاسیی نەگوازرابێتەوە بۆ پەیوەندی قوڵی هاوبەشی ستراتیژیی و ئاییندەیی. گەرچی دەکرێت بۆ وێستگەیی کاری پێکەوەیی، قۆناغی جەنگی هەشت ساڵە وەربگیرێت کە کاریگەری و جێکەوتەی گرنگی قۆناغەکەی بەدوادا هات، بەڵام لە وێنە گشتییەکدا و بۆ وێستگەکانی یادەوەریی تاڵ و زیانگەیەنەر بە پەیوەندی کوردستانی عێراق و ئێران، هەربەکە لە لەناوبردنی ئەزموونی کۆماری مەهاباد(١٩٤٦)، شۆڕشی ئەیلول تا پەیماننامەی جەزائیری(1975) و ڕووداوی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، هۆکاری دروستکردنی بێمتمانەیی کورد بووە بە ئێران و سیاسەتە گشتییەکانی و دەرخەری ئەو ڕاستییە بووە کە پەیوەندییەکان لە ئاستی ستراتیژیی نێوان دوو هاوبەش نەبوون.

کۆماری ئیسلامی ئێران، هەمووکات سەروەریی عێراق لە هاوبەشیی و هاوپەیمانێتی کوردەکانی هەرێم پێ لە پێشتر بووە. ئەوەش ڕوون دەردەکەوێت کە دیدێکی ئاسایشی-واقیعگەرایی دەوڵەت میحوەر، زاڵتر بووە بەسەر ئەو دیدە ئەخلاقگەرا و ئازادیخواز و دادگەرییەی کە لە دەستووردا بانگەشەی بۆ کردووە، لە دۆسێکانی مافەکانی کوردستان لە بەغدا(وەك بودجە، کوردستانی بوونی کەرکوک، سنوری هەرێمی کوردستاندا) و ریفراندۆم (وەک ماف) و پەلاماردانی هێزی پێشمەرگە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧-دا، بەزەقی ئێران جەختی لە هاوپەیمانێتی تاران-بەغدا کردووەتەوە تا پەیوەندییەکانی تاران-هەولێر.

لە گۆڕانکارییە نوێیەکانی پەیوەندی کۆماری ئیسلامی و هەرێمدا، ئەگەر تا پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم، گومانەکانی ئێران لە سیاسەتەکانی هەرێم نەگەیشتبووە ئاستی هەڕەشەلێکردن و گرتنەبەری سیاسەتی سزادانی ئابووری و سیاسی، بەڵام پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم، کاردانەوەی سەربازیی و ئاسایشیی ئێرانی لە ڕێگەی هێزە بەوەکالەتەکانی بەدوای خۆیدا هێنا. لەگەڵ ئەوەشدا دۆخی هەرێمی و نێودەوڵەتی ساڵانی دواتر و بەتایبەت سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و هەڕەشە نێوخۆییەکانی عێراق، ئێرانی ناچارکرد جارێکیتر ئاوڕ لە کوردستان بداتەوە و پەیوەندییەکانی ئاسایی بکاتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تا ئەو کاتەی سیاسەتی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەرەکی ئێران بۆ وڵاتانی دەوروبەر، لە سەر بنەمای ئاسایشیی دارێژراببێت و ئایدۆلۆژیای شۆڕش لە بری سیاسەتی هاوبەش ئامادەیی هەبێت، ناتوانێت لە کاری هاوبەشی دوورمەودای هەرێم-عێراق و تەنانەت هەرێم-ئێران دڵنیا بێت.

## پەراوێزەکان

1. نەورۆز وەکو بۆنەیەکی نیشتمانی لە 9 وڵاتی ئەفغانستان، تاجیکستان، ئوزبەکستان، تورکەمەنستان، قەزاغستان، قێرقیزستان، ئازربایجان، ئەلبانیا و ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا پشووی فەرمییە و پانتاییەکی جوگرافیایی لە رۆژئاوای چینەوە تاوەکو ئەناتۆلی، لە هیندستان و ئەفغانستانەوە تاوەکو نێوان دووڕووبار و لە ئاسیای ناوەڕاستەوە تاوەکو قەوقاز و رۆژئاوای بچوك لەخۆ دەگرێت(صالحی امیری و صمیمی، 1386: 15؛ بصیری و موسوی نقلی، 1394: 77).

2. جیۆپۆلەتیکی شیعە، پانتایی جوگرافیایی سیاسی شیعەکانە لە وڵاتە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بریتییە لە پشتوێنێکی ئایدۆلۆژی(شیعەگەری)، ئابووری، ستراتیژی و مێژوویی کە بەشێک لە وڵاتانی لوبنان، سوریا، عێراق، عەرەبستان، کوەیت، بەحرەین، ئەفغانستان، پاکستان، هیندستان و ئێران لەخۆ دەگرێت. بە واتایەکیتر ئەم چەمکە بە مانای پانتایی جوگرافیای مرۆیی شیعەکان دێت بە میحوەریەتی ئێران(ضرغامی و دیگران(١٣٩٣)، "ژئوپلیتیك شیعە یا هلال شیعە(مبانی، اهداف و رویکردها)"، پژوهش-های جغرافیای انسانی، دورە چهل و ششم، شمارە ١، ص203؛ فاضلی نیا، نفیسە(1385)، ژئوپلتیك شیعە و مسالە امنیت ملی ایران"، فصلنامە شیعەشناسی، سال چهارم، شمارە13، بهار1385، ص185.

3. چەمکی هیلالی شیعی، بۆ یەکەمجار لە لایەن "عەبدوڵای دووەم"، پاشای ئەردەن، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی واشینگتۆن پۆست، لە ساڵی ٢٠٠٤ بەکارهات و دواتر ڕابەرانیتری عەرەب وەک حوسنی موبارەک، سعود فەیسەڵ و بەشێک لە کەسایەتییە سیاسی و شرۆڤەکاران ئاماژەیان پێدا. لە دیدی ئەوانەوە ئێران لە ڕێگای سێ وڵاتی عێراق، سوریا، لوبنان(هەروەها لەمدواییانەدا یەمەن)، لە هەوڵی دروستکردنی پشتێنەیەکی ئێرانی-شیعەیە، بەئامانجی پاوانخوازی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژ بە هێزە سوننەکان، گەیشتن بە دەریای ناوەڕاست و بەدیهێنانی ئامانجە ئایدۆلۆژیی و ستراتیژییەکانی. بۆ خوێندنەوەی دەقی چاوپێکەوتنەکە بڕوانە:

washingtonpost(8/12/2014), "Iraq, Jordan See Threat To Election From Iran Leaders Warn Against Forming Religious State", By Robin Wright and Peter Baker, Available on: http://www.washingtonpost.com/wp-dyn/articles/A43980-2004Dec7.html

؛ هەروەها بۆ پێناسەی چەمك بڕوانە: زاید، سعيد(2013/11/27)، "ما هو الهلال الشيعي"، متوفر علي الرابط: http://www.gerasanews.com/article/128683.

4. سەبارەت بە بۆچوونی ئاریاییبوونی کوردەکان بڕوانە: یاسمی، رشید(بی تا)، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی، تهران: مجمع ناشر کتاب. ئەم بۆچوونە لە نوسین و توێژینەوە هاوچەرخەکانی نووسەرانی ئێران بەردەوامی هەیە و بە خاڵێکی یەکانگیری مێژووی، کولتوری و جوگرافیایی نێوان کورد بەگشتی لەگەڵ ئێران لێ دەڕوانرێت. بۆ نمونە بڕوانە: پیشگامی فر و دیگران(1394): پژوهشی در حوزه فرهنگی و تمدنی ایران، نمونه موردی: کردستان عراق، پژوهش های باستان شناسی ایران، دوره پنجم، شماره9، صص126-133. ئەم بۆچوونانە و ئەم مۆدێلە توێژینەوانە، زیاتر لە رووی سیاسییەوە لە خزمەتی ئەجێندای سیاسەتی کولتووری و دەرەکی ئێراندا بووەن و رۆڵی کاریگەریان بینیووە.

5. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە سیاسەتی ئێران لەم قۆناغەدا، بڕوانە: نازناز محەمەد عەبدولقادر(2008)، سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا 1961-1975، هەولێر: ئاراس، ل 183-226.

6. سەبارەت بە پەیماننامەی ئەلجەزایر و خاڵەکانی بڕوانە: بشيرى، سياوش(1988)، قرارداد 1975 الجزاير ايران-عراق، كرفلد: سازمان ملى شاهيران.

7. ئۆپەراسیۆنی کەرکوك(عمليات فتح1) بە بەشداری 300 جەنگاوەری ئێرانی کە زۆربنەیان لە هێزەکانی قەرارگای ڕەمەزان پێکدەهاتن بە هاوکاری 2000 پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕێککەوتی 1986/10/11 بەڕێوەچوو و ئامانجی لێدان و زیان گەیاندن بوو بە بنکە سەربازی و دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکوك. شيرعلى نيا، جعفر(1375)، دايرةالمعارف مصور تاريخ جنگ ايران وعراق، تهران: سايان، صص 376-377. بۆ وردەکاری زیاتر سەبارەت بە ڕێککەوتنی لایەنی ئێرانی-کوردی و چۆنییەتی جێبەجێکردنی پلانی ئۆپراسیۆنەکە بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین(1999)، خولانەوە لە بازنەدا(دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق 1984-1988)، ل 106-112.

8. بڕوانە خاڵی پانزەهەمینی بڕیارەکانی کۆنگرە: حبيب محمد كريم(1998)، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني-العراق(في محطات رئيسية)، 1946-1993، دهوك: خەبات، ل393.

9. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ئەنجامەکانی ئەم ساڵانە، بڕوانە: کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکوك2010 و 2014، وەرگیراوە لە: مەڵبەندی 2-ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان(کەرکوك/بەشی هەڵبژاردن) و دەزگای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کەرکووک-گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

## سەرچاوەکان

### کتێب


- ازغندى، عليرضا(١٣٩٢)، روابط خارجى ايران ١٣٥٧-١٣٢٠، تهران : قومس.
- بشيرى، سياوش(1988)، قرارداد 1975 الجزاير ايران-عراق، كرفلد: سازمان ملى شاهيران.
- بەرەی کوردستانی عێراق دەزگای ڕاگەیاند(1988)، بەرنامە و پەیڕەوەی ناوخۆی بەرەی کوردستانی عێراق، دەزگای ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی عێراق.
- توآل، فرانسوا(1376)، ژئوپليتيک شيعه، ترجمه کتايون باصر، تهران: خاوران.
- شيرازى، حبيب الله ابوالحسن و طارمى، كامران(١٣٨٤)، نقش گروه‌هاى معارض در روابط ايران و عراق(١٣٧٨-١٣٧٥)، تهران : مركز اسناد انقلاب اسلامى.
- حبيب محمد كريم(1998)، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني-العراق(في محطات رئيسية)، 1946-1993، دهوك: خەبات.
- حق پناه، جعفر(1387)، كردها و سياست خارجى جمهورى اسلامى ايران، تهران: مؤسسه فرهنگى مطالعات.
- رسول، فاضل،(٢٠١٠)، العراق-ايران اسباب و ابعاد النزاع، سليمانيه: سردم.
- سەردەشتي، ياسين(2011)، كوردستاني ئيران (لێکۆڵینەوەیەكي مێژوويي لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەيي گە لي كورد) 1979-1939، سليماني: سيما.
- شيخ عطار، عليرضا(1382)، كردها و قدرت‌هاى منطقه‌اى و فرامنطقه‌اى(جلد اول: عراق)، تهران: مركز تحقيقات استراتژيك.
- شيرعلى نيا، جعفر(1375)، دايرةالمعارف مصور تاريخ جنگ ايران وعراق، تهران: سايان.
- صادق وزيري، صارم‌الدين(1383)، دفاع از دو چهره برجسته جنبش ملي كرد، زنده يادان قاضي محمد و احسان نوري پاشا و ماجراي انتخابات دوره هفدهم مجلس شوراي ملي درمهاباد، بى‌نا، بى‌جا.
- طالع، هوشنگ(1384)، تاريخ تجزيه ايران(دفتر يكم: توطئه نافرجام براى تجزيه‌ى آذربايجان)، تهران: سمرقند.
- فيروزآبادى، سيدجلال دهقانى(١٣٩٥)، سياست خارجى جمهورى اسلامى ايران، تهران: سمت.
- كوچرا، كريس(1377)، جنبش ملى كرد، ترجمه ابراهيم يونسى، تهران: نگاه.
- گاداني، جەليل(2008)، پەنجا سال خەبات، بەرگی یەکەم، دهوك: موكرياني.


hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

- مجتهدزاده، پیروز(١٣٨٩)، سیاستهای مرزی و مرزهای بین المللی ایران، ترجمه حمیدرضا ملک محمدی، تهران: سمت.
- مجموعه قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران(١٣٩٥)، معاونت حقوق ریاست جمهوری، تهران: اداره چاپ و انتشار معاونت تدوین، تنقیح و انتشار قوانین و مقررات.
- مراد، خلیل علی(٢٠١١)، دیرۆکا ئیرانێ یا نوی و هەڤچەرخ. وەرگێڕانی بهزاد محمد طاهر رمضان، دهۆک: سپیرز.
- نازدار، مصطفی و شریف و عصمت و وانلی(١٣٧٩)، کردها، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران : انتشارات روزبهان، ١٣٧٩.
- نازناز محەمەد عەبدولقادر(2008)، سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا 1961-1975، هەولێر: ئاراس.
- نیرۆەیی، عەلی تەتەر(2008)، بزاڤی رزگاری خوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق-ئێران دا 1980-1988، پێداچوون و پێشەکی عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، دهۆك: سپیرێز.
- نەوشیروان مستەفا ئەمین(1999)، خولانەوە لە بازنەدا(دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عیراق 1984-1988).
- یاسمی، رشید(بی تا)، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی، تهران: مجمع ناشر کتاب.
- ئاندرسن، لیام و ستانسفیلّد، گاربس(2013)، تەنگژەی کەرکوك(سیاسەتی ئیتنیکی لە کێشمەکێش و چارەسەرە تەوافوقییەکاندا)، وەرگێڕان: ئۆمێد عوسمان، هەولێر: خانەی موکریانی.
- ئومێد رەفیق و عابد خالد و جەلال حەسەن و زمکان عەلی و هەردی مەهدی(٢٠١٨)، ئایندەی کەرکوك لە نێوان هەولیر و بەغدادا، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی.
- نەوشیروان مستەفا ئەمین(2007)، حکومەتی وردستان لە گەمەی سۆڤییەتدا، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان.

توێژینەوەی زانستی و گۆڤار

- اخوان کاظمی، مسعود؛ رستمی، فرزاد و شاهملکی، حامد(1396)، "تحلیل رابطه اسرائیل و کردستان عراق و پیامدهای امنیتی آن برای جمهوری اسلامی ایران"، فصلنامه جستارهای سیاسی معاصر، سال هشتم، شماره 4.
- بصیری، محمد علی و موسوی نقلی، مژگان(1394)، "همگرایی فرهنگی کشورهای حوزه نوروز بر مبنای رویکرد آینده پژوهی"، فصلنامه سیاست جهانی، دوره چهارم، شماره اول، بهار 1394.
- پیشگاهی فرد، زهرا؛ قالیباف، محمدباقر؛ یزدان پناه، کیومرث و نصراللهی زاده، بهرام(1394): پژوهشی در حوزه فرهنگی و تمدنی ایران، نمونه موردی: کردستان عراق، پژوهش های باستان شناسی ایران، دوره پنجم، شماره9.
- خداوردی، حسن(١٣٨٨)، "سیاست خارجی ایران"، فصلنامه مطالعات خاورمیانه، شماره 58، بهار ١٣٨٨.
- زیباکلام، صادق و عبدالله پور، محمدرضا(١٣٨٨)، "بررسی نقش همگرایی کردها و شیعیان عراق در موفقیت سیاستگزاریهای امنیتی ایران در قبال عراق"، فصلنامه سیاست، دوره ٣٩، شماره ٤.
- سعیدی، روح الامین و مقدمی فر، حمیدرضا(1393)، "منابع قدرت نرم جمهوری اسلامی ایران"، دوفصلنامه قدرت نرم، سال چهارم، شماره 11، پاییز و زمستان 1393.
- صالحی امیری، سیدرضا و صمیمی، نیلوفر(1386)، "آیین های نوروزی و همبستگی ملی"، فصلنامه فرهنگ مردم ایران، شماره 11، زمستان 1386.
- طارمی، کامران(1382)، "تحلیلی بر نقش گروههای معارض کری در روابط ایران و عراق یر عصر پهلوی، 1921-1979"، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، شماره61.
- ضرغامی، برزین؛ شوستری، سید محمد جواد و انصاری¬زاده، سلمان (١٣٩٣)، "ژئوپلیتیك شیعه یا هلال شیعه (مبانی، اهداف و رویکردها)"، پژوهش¬های جغرافیای انسانی، دوره چهل و ششم، شماره ١.

- فاضلی نیا، نفیسه(1385)، "ژئوپلتیك شیعه و مساله امنیت ملی ایران"، فصلنامه شیعه‌شناسی، سال چهارم، شماره13، بهار1385، ص185.
- مرادی، فاتح(۱۳۹۷)، "اقلیم کردستان و ج.ا.ایران میان تنازع هژمونی و سلطه"، مجله بین المللی پژوهش ملل، مرداد ۱۳۹۷.
- نوربخش، مهدی(۱۳۹٦)، "چرا استقلال اقلیم کرستان شکست خورد؟"، نشریه انترنیتی میهن، دور جدید، شماره ۱۸.

موسوی زاده. علیرضا و جاودانی مقدم، مهدی(1388)، "جایگاه استراتژیك کردستان عراق در سیاست خارجی اسرائیل و الزامات سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران"، دانشنامه حقوق و سیاست، شماره 11.

هەردی مەهدی میکە، ئەژی ئازاد ئەبوبەکر(2018)، "جوڵانەوەی سیاسی کوردستان لە ستراتیژی سیاسی و پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ئێراندا(۱۹٦۸-۱۹۷٥)"، مجلة الدراسات السیاسیة و الامنیة.

ولی‌پور زرومی، سیدحسین(۱۳۸۳)، "گفتمان‌های امنیت ملی در جمهوری اسلامی ایران"، تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.

ئەژی ئازاد ئەبوبەکر(۲۰۱۹)، "گوتاری کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەشداری شەری سوریا"، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی شەشەم، ژمارە ۲.

ئامار

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکوك2010، وەرگیراوە لە: مەڵبەندی 2-ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان(کەرکوك/بەشی هەڵبژاردن) و دەزگای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کەرکووک-گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

- کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکوك2014، وەرگیراوە لە: مەڵبەندی 2-ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان(کەرکوك/بەشی هەڵبژاردن) و دەزگای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کەرکووک-گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ماڵپەر

- بی بی سی فارسی(۲۰۱۷/۹/۲٤)، "مانور سپاه پاسداران ایران در آستانه همه‌پرسی کردستان عراق"، قابل مشاهده در: http://www.bbc.com/persian/iran-41377063.
- بی بی فارسی(۲۰۱۷/۹/۱۷)، "هشدار ایران در مورد جدا شدن اقلیم کردستان: فقط عراق یکپارچه را به رسمیت می‌شناسیم"، قابل مشاهده در: http://www.bbc.com/persian/iran-41298621.
- پرسمان(1394/8/10)، "تفاوت سوریه با یمن؟"، قابل مشاهده در: https://www.porseman.com/article/.
- Washington post(8/12/2014), "Iraq, Jordan See Threat To Election From Iran Leaders Warn Against Forming Religious State", By Robin Wright and Peter Baker, Available on: http://www.washingtonpost.com/wp-dyn/articles/A43980-2004Dec7.html.
- تسنیم نیوز(1396/4/26)، "جنگ بزرگ اعراب سنی و کردها؛ اولین نتیجه استقلال کردستان / چرا هیچ کشوری از طرح همه پرسی بارزانی حمایت نمی‌کند؟"، قابل مشاهده در: https://www.tasnimnews.com/fa/news/1396/04/26/1466962/.
- حاجتپور، مهدی(1396/7/25)، "چرا کرکوک تا این اندازه مهم است؟"، قابل مشاهده در: https://www.yjc.ir/fa/news/6284599/.
- خامنه‌ای(1397/7/12)، "دیدار رئیس جمهوری ترکیه با رهبر انقلاب"، قابل مشاهده در: http://farsi.khamenei.ir/news-content?id=37859.
- خامنه‌ای(1396/3/30)، "دیدار نخست وزیر عراق با رهبر انقلاب"، قابل مشاهده در: http://farsi.khamenei.ir/news-content?id=36913.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەری هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

- درویشی، فرهاد و پرتو، فتح الله (2012/7/20)، "عراق جدید و استراتژی سیاسی-امنیتی ایران"؛ قابل مشاهده در:
http://pishkesvat.ir/index.php?option=com_content&view=article&id=172:1390-01-19-13-35-08&catid=1:report.
- دویچه وله فارسی(2016/11/7)، "هشدار مشاور نظامی خامنه‌ای به دولت اقلیم کردستان عراق"، قابل مشاهده در: /https://www.dw.com/fa-ir.
- رادیو فردا(۱۳۹٦/۷/۱۱)، "رزمایش نیروهای ایرانی و عراق در «نزدیکی مرزهای اقلیم کردستان عراق»"، قابل مشاهده در: https://www.radiofarda.com/a/iran-iraq-military-exercises-border/28770430.html.
- زارعی، سعدالله(1396/4/27)، "همه‌پرسی موزائیکی را نمی‌پذیریم(یادداشت روز)"، قابل مشاهده در: /http://kayhan.ir/fa/news/109162.
- زاید، سعید(2013/11/27)، "ما هو الهلال الشيعي"، متوفر علي الرابط: http://www.gerasanews.com/article/128683.
- ساسانیان، سعید(1396/1/15)، چرا کرکوک مهم است؟، قابل مشاهده در: /https://www.farsnews.com/news/13960114001429.
- شفیعی، محمد جواد(2017/10/17)، همه پرسی استقلال کردستان عراق؛ بحث داغ روشنفکران و سیاستمداران ایرانی، قابل مشاهده در: https://fa.euronews.com/2017/10/02/iranian-reaction-to-kurdish-and-catalonian-referendum.
- علیجانی، رضا(2017/10/17)، ایران و کردهای عراق، قابل مشاهده در: http://www.bbc.com/persian/blog-viewpoints-41650876.
- آنا(1398/4/20)، "مصاحبه با ناظم دباغ: اقلیم کردستان اقدام جدید منافقین علیه ایران را محکوم می‌کند": قابل مشاهده در: /https://ana.ir/fa/news/33/403857.
- همشهری آنلاین(۱۳۹٦/۷/۲)، "مرزهای هوایی ایران با اقلیم کردستان مسدود شد"، قابل مشاهده در: /https://www.hamshahrionline.ir/news/383270.